# شەڕ لە شیعری کوردیدا
# قۆناغی (دوای ڕاپەڕین تا کۆتایی شەڕی داعش) بە نمونە

**کامەران ئەبابەکر خدر [1]، فەرهەنگ موزەفەر محەمەد[2]**

[1]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە-شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
٢ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەو شەڕە زۆرانەی کە لە مێژوی هاوچەرخی گەلی کورددا ڕویانداوە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وایکردووە بکەوێتە بارو دۆخێکی سەخت و دژوار، بۆ نمونە، هەشت ساڵ شەڕ و پێکدادانی نێوان (عێراق و ئێران) لە (١٩٨٠-١٩٨٨)، (شەڕی کەنداو) لە ساڵانی (١٩٩٠- ١٩٩١) ، (شەڕی ناوەخۆ) لە ساڵانی (١٩٩٤- ١٩٩٨) ، شەڕی (عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانان) یاخود داگیرکردنی ئەمریکا بۆ سەر عێراق کە لە ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣ تا 1ی ئایاری ٢٠٠٣ بەردەوام بوو. شەڕ لەنێوان دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە (ئابی ٢٠١٤ تا ٢٠١٧) بەردەوامبو. ئەم شەڕانە کاریگەرییەکی بەهێزییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی تاکی کورد هەبووە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبی، بۆیە لەم دیدگەوە شاعیرانی کورد لە هەمو سەردەم و قۆناغێکدا هەستییان بە بەرپرسیارییەتی کردووە، هەر ئەم بەرپرسیاریەتییەش لە پەیامە شیعرییەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە ئەگەر سەیری ئەم چارێکە سەدەیە (١٩٩١- ٢٠١٧) بکەین، دەبینین شیعرەکانیان تەژین لە پەیام و ئایدۆلۆژی بۆ بەرگریکردن لە خاك و نەتەوە، لە بەرانبەریشدا هەستیانکردووە، کە شەڕ جگە لە ماڵوێرانی شتێکی دیکەی پێ نییە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاوڕ لە هەردو لایەنی ئەو دەقە شیعریانە دراونەتەوە و شلۆڤەکراون. بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەریانەی کە لەمیانەی شەڕدا لە ناو تێکستی شیعری کوردیدا ڕودەدەن.

**وشە سەرەکییەکان:** شیعری شەڕ، قۆناغی دوای ڕاپەڕین ، شەڕی داعش ، شیعری نوێی کوردی، مێژوی نوێی کوردی.

## پێشەکی

بێگومان ئەدەب بەشێکی گرنگی ژیانی کەلتوری کۆمەڵگا پێکدەهێنێت، ئەو ڕوداوە یەك لە دوای یەکانەی، کە بەسەر گەلی کورددا هاتن بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەر لە دوای ڕاپەرینی بەهاری (١٩٩١) تاکو دواین شەڕی بەرگری دژ بە دەوڵەتی بەناو ئیسلامی لەعێراق و شام ((داعش)) ئاکارو دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر هزر و بیری تاکەکاندا هەبو، شاعیرانیش وەك هەر تاکێکی کورد و هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی، هەوڵیانداوە ئەم ڕوداوانە لە دەقە شیعرییەکاندا بەرجەستەبکەن.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٦ ئایار ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١ تەمووز ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: farhang.muhamad@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ کامەران ئەبابەکر خدر، فەرهەنگ موزەفەر محەمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

### سنوری لێکۆڵینەوەکە:

سنوری لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی نوسینی هەرێمی کوردستانی عێراق دایە، بەتایبەتی ماوەی ساڵانی (١٩٩١- ٢٠١٧)، ئەمەش چونکە لەماوەی ئەم چارێکە سەدەیەدا چەندین شەڕو نەهامەتی و گۆڕانکاریی سیاسیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی وئابوریی... هتد، بەسەر ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان داهاتون، کە بێگومان کار و کاردانەوەی زۆریان لەسەر دەقە شیعرەکانی شاعیرانی هاوچەرخ بەنمونەی(عەبدوڵا پەشێو ، دلاوەر قەرەداغی ، جەمال غەمبار، کەریم دەشتی،بەختیار عەلی، فەرهاد پیربال) هتد هەبووە.

### میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە تیۆریی و پڕاکتیکییە، سودمان لە (میتۆدی مێژوویی) وەرگرتووە لە دەرخستنی ئەو ڕوداو و کارەساتانەی کەبەسەر مێژوی هاوچەرخی کورددا هاتووە لەم ماوەیەی کە ئاماژەمان پێکردووە، هەروەها لەڕێگەی (میتۆدی شیکاری) یەوە تیشك دەخەینە سەر دەقە شیعرییەکان و سەر بابەتی شەڕ وەك ناوەڕۆك لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا و ڕواڵەتەکانی و ڕەنگدانەوەی شەڕ لەسەر دەقە شیعرییەکانی ئەم ماوەیە شیدەکەینەوە، ئەو کار و دەرئەنجامانە هەڵدەسەنگێنێت کە کاریگەریی بەهێزیان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp221-234

لەسەر ژیانی خەڵك هەبووە ، بەتایبەتی لەسەر ژیانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی، بۆیە نمونەی بەرهەمی چەند شاعیرێك كە تایبەتن بەم بابەتەوە دەخەینە ژێر تیشكی لێكۆڵینەوەوە.

### هۆكاری هەڵبژاردنی لێكۆڵینەوەكە:

شەڕ دەرئەنجامی زۆرە ، كارە و كاردانەوەی هەیە، ئەدەبی كوردیش لە كاریگەریی شەڕ بێبەش نەبووە. ئەم لێكۆڵینەوە باس لە كاریگەریی شەڕ دەكات و ئەو قۆناغەشی بە نمونە وەرگرتووە.

### گرنگی لێكۆڵینەوەكە:

ئەم لێكۆڵینەوەیە لەلایەك تیشك دەخاتەسەر شیعری شەڕ و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی كوردیدا، لەلایەكی دیكە شیعری شەڕ لە قۆناغێكی هەنوكەیی دەخاتەبەر شیكردنەوە.

### پێكهاتەی لێكۆڵینەوەكە:

بنیاتی لێكۆڵینەوەكە جگە لەم پێشەكییە، لەو دو تەوەر پێكهاتووە، لە تەوەری یەكەمدا هەوڵدراوە، چەمك و پێناسەی شەڕ و ڕەنگدانەوە و كاریگەریی شەڕ لەسەر كۆمەڵگە و ئەو پەیوەندییە دیالێكتیكییەی لەنێوان ئەدەب و كۆمەڵگە هەیە ڕوونبكرێتەوە، دواتر باس لە ئەدەبی شەڕ دەكات، بەنمونە لە ئەدەبی كوردییدا، پاشان لە باسێكی كورتدا پەیوەندی لە نێوان شەڕ و مێژوی كورد دەخرێتەڕو، ئەو شەڕانە باسدەكرێت، كە لە ماوەی (١٩٩١- ٢٠١٧) لە هەرێمی كوردستاندا ڕویانداوە، لە تەوەری دووەمیشدا تیشك دەخرێتەسەر ڕوالەتەكانی ڕەنگدانەوەی شەڕ لەدەقە شیعرییەكانی شاعیراندا و نمونەی شیعریی بۆ ئەم بابەتە (شەڕ و بەرگری) ی لە ئەدەبی هاوچەرخی كوردی دەخرێتەڕو.

## ١ . چەمك و پێناسەی شیعری شەڕ و كاریگەریی لە سەر كۆمەڵگە:

### ١-١ چەمك و پێناسەی شیعری شەڕ:

هەر زاراوەیەك مانا و ڕیشەیەكی كۆنی هەیە، زاراوەی (شەڕ) واتاكەی خۆی لە وشەی (شر) ی عەرەبییەوە وەرگرتووە؛ كە بە واتای (خراپ، خراپ بون، خراپەكردن، دژەخێر) دێت، لە زمانی عەرەبیدا لە بەرانبەر زاروەی (شەڕ) زاروەی (حرب) بەكاردێت، لە زمانی ئینگلیزییشدا (war) (محەمەد، ٢٠١٢: ٥٠١) ، شەڕ لە زمانی كوردیدا بە واتای (كاری دژ بە خێر) دێت، كە ڕیشەكەی بۆ وشەكانی (wyrre، werre) ئینگلیزی كۆن دەگەڕێتەوە ، هەروەها بنەچەیەكی تری لە وشەی فەرەنسی كۆن (werre) وەرگیراوە، لەلایەكی دی وشەكە پەیوەندی بە (werran)ی ساكسۆنی كۆن و (werran)ی ئەڵمانی كۆن، وشەی (verwirren)ی ئەڵمانی مۆدێرنەوە هەیە، كە بە واتای (سەرلێشێوان، سەرلێشێواندن، یان هێنانە ناو سەرلێشێواوی دێت،) لە زمانی فەرەنسی باكوری كۆن بە ڕەچەڵەك ئەڵمانیش؛ لە (wers) هاتووە، كە پاشكۆی ڕەگەكانی هیندۆ-ئەوروپیدا وەرگیراوە، بۆیە ڕەچەڵەكی ئەم وشەیە: دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی هیندۆ-ئەورووپی و زاراوەی wers (Gartzke :1999 4) (كە بە واتای سەرلێشێوان، (تێكەڵكردن) دێت، لە زمانی فارسیشدا بەرانبەر ئەم زاراوەیە، هەر یەك لە زاراوەكانی (جنگ- دعوا) (موكریانی، 1385: 482) ی هاتون، لە زمانی كوردییشدا هەندێكجار زاراوەی (جەنگ) بە هاوواتای (شەڕ) دێت. (خاڵ، ٢٠٠٦: ١٢٦)، بەڵام پێمانوایە (جەنگ) واتایەكی فراوانتری هەیە لە شەڕ و هەریەكەیان و واتایەكی جیاوازی هەیە و بۆ كاتێكی جیاواز بەكاردەهێنرێن، چونكە (جەنگ) گەورەترە لە (شەڕ)، تەنانەت هەر جەنگێك لە چەندین شەڕ پێكدێت و كاتێكی زیاتر دەخایەنێت لە شەڕ، لەلایەكی دی جەنگەكان بۆ ئامانجێك بەرپا دەبن و هەر لایەنێك ئامانجێكی هەیە، بۆیە تاوەكو بۆ لایەنێك لە ئامانجەكان بەدی نەیەت جەنگ تەواو نابێت، كەچی لە بەرانبەردا شەڕەكان ئەو هەنگاوانەن یارمەتیدەری ئەوەن ئامانجەكە بەدی بێت، لەلایەكی تر شەڕكردن زیاتر لایەنی كردارییە و جەنگ لایەنی تیۆرییە، تەنانەت ئێستاكە جەنگی ئامێرە تەكنەلۆژییەكان لە ئارادایە.

بەشێوەیەكی گشتی شەڕ لەجیهانی فیكردا هەڵگری دو جەمسەرە، یەكەمیان ڕەهەندێكی تیۆلۆگی هەیە و ئەوی‌تریشیان ڕەهەندیی سایكۆلۆژی، ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ڕەهەندە تیۆلۆگییەكەیە، بۆیە لێرەدا شەڕ بە مانا باوەكەی، ململانێیەكە لە نێوان گروپە سیاسییەكان، كە دوژمنایەتییەكانیان ڕێژەیەكی بەرچاو لەخۆدەگرێت، كۆمەڵناسان بەزۆری ئەم زاراوەیە بۆ ئەو جۆرە ململانێیانە بەكاردەهێنن، كە بەپێی فۆرمەكانی ناسراوی كۆمەڵایەتی دەستپێیكەن و بەڕێوەچن، ئەوان وەك دامەزراوەیەك مامەڵە لەگەڵ شەڕ دەكەن، كە لە داب و نەریت یان لە یاسادا دانپێدانراوە، نوسەرانی سەربازی بە زۆری ئەم زاراوەیە لە دوژمنایەتییەكاندا قەتیس دەكەن، كە تیایدا گروپە كێبڕكێكارەكان بە ڕادەیەك لە دەسەڵاتدا یەكسانن، بۆیە دوای شەڕ و دەرئەنجامەكەی ئەو یەكسانییە نامێنێت، بە واتایەكی دی؛ شەڕ بە واتای ململانێ چەكداریی و دۆخی پێكدادان لە نێوان دو لایەن یان دو هێز یان دو وڵات یان چەند وڵاتێك دێت ،كە بۆ ماوەیەك و بەشێوەیەكی ڕێكخراو لە نێوانیاندا پێكدادان ڕودەدات، هەڵبەتە هەر لایەنێكی شەڕ دەیەوێت چەند مەبەستێك بۆ خۆی مسۆگەر بكات، لەوانە: مەبەستی كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی...هتد، بەڵام دواجار دەبێتە هۆی لەناوچونی ژیانی چەندین مرۆڤ و لەناوچونی پایە ئابورییەكانی كۆمەڵگا.

زانایان و توێژەرانی ئەمبوارە زۆر لەم لایەنە دواون، لەوانە: (كلاوزڤیتز) بیرمەندی ئەوروپی لەبارەی شەڕ دەڵێت: (درێژەپێدەری سیاسەتە بە شێوازێكی تر) (Gartzke, 1999, 56)، كەواتە شەڕ بۆخۆی بونێكی سەربەخۆی نییە، شەڕ لە پێناوی شەڕدا ناكرێت، بەڵكو شەڕ ئامرازی سیاسەتكردنە، هەرچەندە (میشێل فۆكۆ) ئەم هاوكێشەیە هەڵدەگێڕێتەوە، بە تایبەت لە كتێبی (دەبێت داكۆكی لە كۆمەڵگا) بكەین، پێیوایە؛ كە شەڕ شێوازی باڵای پەیوەندییە و یەكێكە لەو مافانە، چونكە لەژێر دابەشبونی مرۆڤایەتییدا بەسەر نەتەوەی جیاوازدا دەبێتە پێویستییەك (Mozley, 1876:101)، بەڵام ڕەنگە بۆچونی (سان تزو 551- 496 پ. ز.) سیاسەتوانی ناسراوی چینی كۆن، لەباری شەڕ زیاتر هاوكارمان بێت، بەوەی پێمان دەڵێت: (سەركەوتنی گەورە، یان گرینگی سەركەوتن لەوەدایە، كە بەبێ شەڕ بێتە ئاراوە) (Tzu, 2000, 79)، كەواتە شەڕ و سیاسەت دوانەیەكی لەیەك دانەبڕاون. لەلایەكی دیكە شەڕ چەندین جۆر و شێوازی هەیە، وەك: شەڕی دەرونی، شەڕی سارد، شەڕی گەرم- چەكداری ، شەڕی ماددی و مەعنەوی، ...هتد، كە زۆرینەیان لەم قۆناغەدا هەن، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە (شەڕی چەكداری)یە، بۆیە دەكرێت بگوترێت؛ شەڕ ململانێیەكی چەكداری توندە، لە نێوان دەوڵەتەكان، حكومەتەكان، كۆمەڵگاكان، یان یاخیبووان و میلیشیاكان، یان لە نێوان گروپە نیمچە سەربازییەكان و بەكرێگیراوان ڕودەدات، دواتر بە توندوتیژی و وێرانكاری و مردنی هێزی سەربازی ڕێكخراو یان ناڕێكخراو كۆتایی دێت، ئەگەرچی شەڕ ئاماژەیە بۆ چالاكی سەربازیی، بەڵام تەنها لە ئامانجە سەربازییە شەرعییەكاندا سنوردار نییە، بەڵكو دەتوانێت ببێتە هۆی وێرانكاری و كوشتن و قوربانییەكی زۆری مەدەنی- سڤیل، لەلایەكی دی،

هەندێك لە توێژەرانی ئەمبوارە، شەڕ و جەنگ بە لایەنێکی گشتگیر و سروشتی مرۆڤایەتی دەزانن، کە لە ئەنجامی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابوری، یان ئیکۆلۆژی تایبەتدایە.

### ١- ٢ شەڕ و کاریگەریی لەسەر ئەدەب:

سەرەتا دەبێت لەو پرسیارەوە دەستپێبکەین، ئایا شەڕ کاریگەریی لەسەر ئەدەب هەیە، ئایا ئەو کاریگەرییە چۆنە و چییە؟ ئایا ئەدەب و شەڕ لە چ خاڵێکدا یەکتر دەگرن و لە کوێدا جیاوازن؟

بێگومان شەڕ کاریگەریی لەسەر تەواوی پایەکانی ژیان و کۆمەڵگە هەیە، ئەدەبیش وەك پایەیەکی ڕۆشنبیری بەدەر نییە لەم کاریگەرییە، بۆیە کاریگەریی شەڕ لەسەر ئەدەب، گەرانێکی زۆرەملێیە، کە چۆن ئەزمون و هەست و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە کاتی ململانێدا لە بەرهەمە نوسراو و دەربڕینەکان دەدۆزنەوە و شۆڕدەبێتەوە بۆ کاریگەرییە قووڵەکانی شەڕ لەسەر پرۆسەی داهێنەر، لەوێش ئەدیب گێڕانەوەکان لە چوارچێوە دەدات، کە ڕەنگدانەوەی ترسناکی، قارەمانێتی، زەبر و زەنگ و بەرگریی...هتد، چونکە (ئەدەب لە پەیوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ ژیان، هەمو هۆکار و کارەساتەکانیش کاری تێدەکەن...) (Traduit de v. , 1956, 141) بەمەش نوسەران چیرۆکنوس و شاعیران لە ڕێگەی ئەدەبەوە لەلایەك وەك شایەتحاڵ و لەلایەکی دی وەك ڕەخنەگر خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردووە و تێگەیشتنێکی قووڵتریان بۆ خوێنەران لە دەرئەنجامەکانی شەڕ خستۆتەڕو، هەندێکجاریش خۆیان بەشێك بونە لەم شەڕە و بە بەرهەمەکانییان بەرگرییان لە خاك و نەتەوە و نیشتمان کردووە و خەڵکیشیان هانداوە بۆ بەرپەچدانەوەی دوژمن، چونکە ئەدەب کاریگەرییەکی بەهێز و خێرا و ڕاستەوخۆی لە ئاراستەکردن و وروژاندنی هەست و بیری مرۆڤ هەیە، بۆیە دەبێت ئەوەمان لەپێش چاو بێت، کە هیچ ئەدەبێك/دەقێك بە خۆڕایی بەرهەم نەهاتووە، بۆیە ئەدەبی شەڕیش لەلایەك ڕۆڵی بەرگریکردن و ئیپستمولۆژیشی هەیە، لەلایەکی دیکە قسەکردنە لەسەر نەهامەتی ودەرهاوێشتەکانی شەڕ.

بۆیە لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە بەرباس، ئەویش ئەوەیە: کە ئایا ڕۆڵی ئەدەب لە هزر و بیردا و بە تایبەتی لە کاتی شەڕ تەنها لەسەر لایەنێکی ئەرێنییە؟ بۆ دەرخستنی توندوتیژییە و هۆشیارکردنەوەی مرۆڤە؟ یان ڕۆڵێکی نەرێنییە و ئامانجی تۆڵسەندنەوە و بەرگریکردنە؟ یان ئایا دەکرێت بەرگریکردن بە نەرێنی هەژماربکرێت؟

ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە؛ وەڵامی ئەو پرسیارەیە، بێگومان وەك گوترا: ئەدەب کاریگەریی گەورەی لەسەر گۆڕینی بیری مرۆڤ بە (باش یان خراپ،) هەیە، ئەو کاریگەرییەش، لە زۆرینەی دەق ئەدەبییدا هەستپێدەکرێت و لە کاردانەوەکانی وەرگر و خوێنەرانیش دەبینرێت، واتە ئێمە دەتوانین لە ڕێگای ئەدەبەوە دوبارە بیر لە جیهان بکەینەوە و کێشە و کەلێنەکانی فیکری مرۆڤایەتی بدۆزینەوە و بە بیرکردنەوەی تر بیانگۆڕین، ئەگەریش نەمانتوانی بیانگۆڕین، هەر هیچ نەبێ خواستی گۆڕانمان لەلا دروست دەکا، بۆیە شیعری شەڕ وادەکات، کە پەنجەرەیەکی ناوازە بۆ ڕابردو بکاتەوە، دەقێکی مێژوویی و دیدێکی ئایدۆلۆژی بۆ ئەزمونی مرۆڤ لە کاتی ململانێدا پێشکەش بکات و یارمەتیمان دەدات لەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسیانە تێبگەین، کە جیهانیان لەو قۆناغانەدا لە قاڵبداوە، بۆیە ئەمجۆرە ئەدەبە/ ئەدەبی شەڕ: تێگەیشتنی سۆزداری و دەرونی لەسەر تاك و کۆمەڵگا دەگەیەنێت و ڕێگە بە خوێنەران دەدات هاوسۆزی ئازار و خۆڕاگری ئەو کەسانەبن، کە بەهۆی شەڕەوە کاریگەرییان لەسەرە، لەلایەکی دی ئەدەبیات لە ناوچە جیاجیاکان و قۆناغە زەمەنییەکانەوە دیدگای کەلتوری هەمەچەشن سەبارەت بە شەڕ پێشکەش دەکات، ڕۆشنایی دەخاتەسەر ئەو شێوازە ناوازانەی، کە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان ڕوبەڕوی دەرئەنجامەکانی شەڕ بوونەتەوە و وەڵامیان داوەتەوە.

لەم سۆنگەوە ئەدەب بەگشتی فۆرمێکی هونەرییە، کە کات و شوێن تێدەپەڕێنێت، ڕێگە بە نوسەران دەدات زمان بە شێوەیەکی داهێنەرانە بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی بیرۆکە و هەستە ئاڵۆزەکان، ئەمەش وایکردووە ببێتە کەناڵ و ناوەندێکی بەهێز بۆ وێنەگرتنی ئەزمونی مرۆڤ لە کاتی جەنگدا، چونکە ئەدەب/شیعر دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتی هەبێت و بەشداری لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بکات، تەنانەت زۆرجار (کەم تا زۆر ئەدەب بەشێکە لە سیاسەت) (دەشتی، ٢٠٠٩: ٤٤) و زەرورەتێکی گۆڕانکاریشە، بەمەش ئەدەب ئەو توانا سیحراویەی هەیە کۆمەڵگاکان ئاراستە بکات، بۆیە لێرەدا کۆنتێکستی مێژوویی شەڕ و ململانێ جیاوازەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ئەدەب بە درێژایی سەدەکان هەبووە و دەبێت، شەڕ و ململانێکان کاریگەرییەکی قوولیان لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان بەجێهێشتووە، ئەمەش وایکردووە نوسەران وەڵامی دەرئەنجامەکانی ئەم قۆناغە پڕ لە گێژاوانە بدەنەوە و ڕەنگدانەوەیان هەبێت.

### ١- ٣ ئەدەبی شەڕ:

بەشێوەیەکی گشتی هەر وڵاتێك بەپێی دۆخی مێژوویی خۆی دەستەواژە و تێڕوانینی تایبەت بۆ ناسینی ئەدەبەکەی دەخاتەڕو، کوردیش چەندین زاراوەی هەیە، کە گوزارشتن لە جۆرێك لە ئەدەبی شەڕ، ئەوانیش: (ئەدەبی شەڕ، ئەدەبی جەنگ، ئەدەبی بەرەی شەڕ، ئەدەبی بەرگری، ئەدەبی زیندان، ئەدەبی بەرخۆدان، ئەدەبی بەرپەچدانەوە،.ئەدەبی دژەشەڕ- کە دەرهاوێشتەی شەڕە،...)، ئەمانە و چەندین زاراوەی دی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن، ئەگەرچی ئەم زاراوە بابەتییانە لەیەك بازنە دەخولێنەوە، بەڵام هەریەکەیان ئەدگاری ورد و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە لێرەدا زاراوەی (ئەدەبی شەڕ) بۆ ئەم توێژینەوەیە بە دروستتر دەزانرێت، مەبەست ئەدەبی شەڕیش بە جۆرە ئەدەبێك دەگوترێت، کە دەپەرژێتە سەر دیاردەی شەڕ و جەنگ، یان کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانی لەسەر کۆمەڵگا و مرۆڤەکان، وەکو دۆخی پشتەوەی بەرەی شەڕ، کاریگەریی شەڕ لەسەر شوێن و ژینگە و کەسانی مەدەنی و خەڵکی ئاسایی، و بەدواداهاتەکانی شەڕ وەکو قاتوقڕی، هەژاری، بێکاری و دەگێڕێتەوە، بەپێی ئەم بۆچونانە ئەدەبێك بە ئەدەبی شەڕ هەژمار دەکرێت، کە لە (سەنگەری پێشەوەی شەڕ بوبێت و دژی بە هێزەکانی دیکە گوترابێت/ نوسرابێت) (خۆشناو، 2003: 39) و چەشنی شەڕڤانێك لە مەیدانی شەڕدا بەرانبەر داگیرکەران جەنگابێت، یان دەشێت، بەو ئەدەبە بگوترێت؛ کە بۆ پشتیوانی و هاندانی هێزەکانی بەرەی شەڕ نوسرابێت، تاکو بەرگریکاران چەشنی تفەنگ بیکەنە شانی وەك فیشەکدان و کەرەستەی شەڕ خۆیانی پێ بەهێز بکەن، چونکە زۆرجار (شیعرێك دور لە شۆڕش و سەنگەرەکانی پێشمەرگە-شەڕ- بنوسرێت، لە ڕوی هونەرییەوە بەهێزتر و پێشکەوتوتربێت و لە ڕوی ناوەڕۆکیشەوە بیری شۆڕشگێڕانە بگرێتەخۆ) (بێکەس، ١٩٧٢: ٤) و لەزۆر شوێنیش وەك فیشەکیش بینێن بە ناوچاو و سینگی دوژمن، ئاخر ئەمجۆرە شیعرانە هیچی وای لە هێزێکی چەند سەد کەسی لە مەیدانی شەڕدا کەمتر نییە.

لە لایەکی دیکەدا لە پاڵ ئەمانەشدا (ئەدەبی دژەشەڕ)یش هەیە، ئەگەرچی وەکو ناوەڕۆك و بابەتێکی سەربەخۆ و دیاریکراو باسی لێدەکرێت، بەڵام هەر لە ناو پێکهاتەی ئەدەب و شیعری شەڕیشدا جێگای دەبێتەوە، چونکە دەشێت وا خۆی پیشانبدات وەك ئەو ناوەڕۆکەی، کە ئەدەب و شیعری شەڕ دەیخاتەڕو، دەشێت بەشێك لە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp221-234

ناوەڕۆکی ئەم ئەدەبە دژەشەڕ و جەنگەش بێت، وەك دەشزانرێت ئەدەبی دژەشەڕ دەپەڕژێتە سەر بابەت و لایەنی ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستی،(یوسف، 2012: 290) زۆرجاریش ئەم ئەدەبە، بە ئەدەبی دەربڕین و گێڕانەوەی تاڵی و ناخۆشییەکانی شەڕ ناسراوە.

کەواتە ئەوەی کە ئەدەب لە ژێر ئەو ناوانە: (ئەدەبی شەڕ یان بەرگری و بەرخۆدان ...) یان هەرناوێکی تری لەمجۆرە، زیاتر ناونانێکە پەیوەستە بە دو لایەن؛ یەکەمیان: ئەوەیە کۆمەڵگا یان نەتەوەیەك لە ناو چوارچێوە و دۆخێکی شەڕ و جەنگیی بەردەوامدا بێت، و دووەمیان: پەیوەستە بەوەی؛ کە کۆمەڵگا یان زمان یان کەلتورێکی گشتی لە پشت ئەمجۆرە ئەدەبەیە؛ واتە کەڵکەڵەی فۆرم و پێکهاتە پێگەیەکی بنەڕەتی و سەرەکی لە دۆخی جەنگی و ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ لایەنی بەرانبەر و دژبەر داگیر ناکات و ئەمەش مەترسییەکی گەورە لە سەر ئەدەبی شەڕ یان بەرگری و بە گشتی و لە پلەی یەکەمدا لە سەر جەوهەری ئەدەب دروست دەکات، دەیخاتە ناو بازنەی دروشم و هەڵوێستی ڕوت، یان هەندێك بنەمای فەرمی ئایدۆلۆژیکی بریقەدار، بەو مانایەی، کە ئەدەب بازنەی خەیاڵ و ئاسۆی زمان و ڕوانین لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەنەخشێندرێت و بزۆزیی و جوانی لەدەستدەدات، لەلایەکی دی ئەگەرچی پۆلێنکردنی ئەدەب لە ژێر ئەو ناوانە زیاتر ناونان و تیۆریزەکردنێکی بابەتین، تا شێوە و فۆرمخوازین، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو ژینگە و شوێن و ناوچە و وڵاتانەی، کە شەڕی تێدا هەیە یان هەبووە، بۆیە ڕەنگە هەستیارترین دۆخ و ناسکترین جوڵەی ئەدەبی، بەتایبەت شیعر، ئاڵۆزترین و سەخترین حاڵەتی هۆنینەوە لە دۆخی شەڕدا بێت، چونکە ئەستەمە شاعیر لەلایەك بەرگری لە شتێك بکات، لەلایەکی دیکە دژی شتێك بێت، کە دڵنیابێت شیعرییەت و ئاسۆکانی خوێندنەوەی دوارۆژی لێ لەبار نەبات و پێگەی ئیستاتیکای شیعرییەت لەدەست نەدات، چونکە ئەمجۆرە ئەدەبە/ شیعرە پەیوەستە بە ئایدۆلۆژیا، ئایدۆلۆژیاش خۆی (کۆمەڵێك هەڵوێستی جیا جیای گونجاوە لەنێو کۆمەڵدا، -کەچی شیعر- ئەدەب دەربڕینی وشە و هەستە)(کەریم، ٢٠١٣: ٩٢)، لەم سۆنگەوە پۆلێنبەندیکردنی مەبەستەکانی ئەدەب و شیعر، زیاتر کارێکە بۆ ناسینی ئەم دۆخە هەستیارە و ئەو جۆرە ئەدەبەی، کە لەم دۆخە ئاڵۆز و هەستیارەدا لە دایکدەبێت، یان لە دایکبووە، بێگومانیش هەر وڵاتێك بە پێی بارودۆخی سیاسیی و گۆڕانە ناوچەییەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان توشی شەڕ و جەنگ بووە، بۆیە بە شێوەیەك پێناسەیەکی بۆ شێوازی ئەدەبەکەی بە مەبەستی بەرگری و ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ئەویدیکە- دوژمن و داگیرکەرەکەی بەکارهێناوە.

لە ڕاستیشدا دەکرێت؛ ئەدەبی شەڕ و شیعری شەڕ وەکو ئەدەبی/شیعری بەرگریش بناسرێت، کە ڕاستەوخۆ گوزارشتە لە جیهانبینی و دەربڕینی ئایدۆلۆژی و پیشاندانی هەقیقەتی ئاوەزی شاعیر، چونکە (شاعیران ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵن، پێشڕەوییان لە ژیاندا) (ئامێدی، ٢٠٠٥، ١١)، بەمەش دەبێت گیانی خۆیان ئاوێتەی گیانی نەتەوەکەیان بکەن، ئەمەش پەیوەستن بە دیاریکردن و سنوارداركردنی دۆخ و قۆناغ و ژینگە و ژیاری لە دایکبونی ئەدەب و ئەدیب/ شیعر و شاعیر، لەلایەکی دیکە هەندێکیتر و پێیانوایە؛ ئەدەبی بەرگری، دایك و زایینگەی ئەدەبیی شەڕە، واتە ئەدەبی شەڕ بەشێکە لە گشت، بەڵام دواجار هەردوکیان وەك دو ڕوی دراوێکن، (الحافظ، 1981: 4) پەیوەستن بە ئایدۆلۆژیا و هزری نیشتیمانی و نەتەوەیی، بەم بەپێیەش ئەو جۆرە ئەدەبە/ شیعرە پاشکۆ و شوێنکەوتەی ئایدۆلۆژیایەکی ڕێکخراو و دیاریکراوە، بۆیە تاکو ئێستا بەشێك لەو بەرهەمانەی، کە کەوتونەتە یان دەکەونە ناو ئەم شێوە و جۆرە ئەدەبە، لە ڕوی ستاتیکی و جوانیناسییەوە، تا ڕادەیەك کۆڵەوار و دۆشداماون، ئەمەش بۆ زاڵبونی ئایدۆلۆژیایە بەسەر ئیستاتیکادا، لەلایەکی دیکەش هەندێکیان لە ڕوی زمان و ئاوازەوە تەژین لە جوانی، بەڵام ئەبێت بپرسین: دواجار ئیستاتیکای مرۆڤایەتی لەکوێی هاندان (کوشتن و خوێنڕشتن و ڕاوەدوونان ...هتد)دایە؟

### ١- ٤ ئەدەب و کۆمەڵگە:

ئەدەب بابەتێکی هزری و هەستییە، پەیوەستە بە ئەزمونی خود، هەر تاکێکیش بە شێکە لە کۆمەڵگە، بەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دروستدەکات، لەلایەکی دیکە مرۆڤ بەردەوام لە گەڕان و کۆڵینەوەیە،(بڕوانە: ئیسکارپیت، ٢٠١٨: ٨٥- ٨٨) وێڵە بە دوای دۆزینەوەی ڕەهەندی نوێ بۆ ژیان و ئەو گەردونەی تێیدا دەژیت، بۆیە زۆرجار بە هێزی خەیاڵیی و گواستنەوەی بۆ واقیع کارەکانی ڕایی دەکات، ئەم گواستنەوەیەش یا لە ڕێگەی هونەرەکان یان ڕێگەی زمان- ئەدەب بەرجەستە دەکرێت.

لەم دیدگەیەوە هەمو دەقێکی شیعری و هونەریی لەڕوی مێژوییەوە زادەی قۆناغێکی دیاریکراوە، بەمەش (ئەدەب و ڕوداوەکان لە حاڵەتەکانی ژیان- بەگشتی و ساتە پڕ کێشەکان بەتایبەتی- هاوشانی یەکترن) (الکوردی، ١٩٨١: ٤٩)، بۆیە ئەگەر شیعر بەرهەمی بیرکردنەوە و تێڕامانی شاعیر بێت لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا، ئەوە بێگومان نوسەر وەك هەر مرۆڤێك لە قوناغێکدا دەژیت، لە بەریەککەوتن و کارلێکردندایە لەگەڵ توخمەکانی دەوروبەری، بۆیە دەشێ ئەو دەقە ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە مێژوییە بێت، کە شاعیر لە ژیانیدا تیایدا بەر یەکێك لە ڕوداو و دیاردەکان کەوتبێت، لەهەمان کاتیشدا زۆرجار شاعیر زەمەنی مێژوویی و فیزیکی جێدەهێڵێت و لە زەمەنی دەرونی خۆیدا دەژیت، کە ڕەنگە دابڕاو بێت لەو قۆناغ و ساتەی تێدا دەژیت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، دەرخستنی ئەو کارلێکەیە، کە (تیۆری ڕەنگدانەوە) (بڕوانە: ماضی، ٢٠١٠: ٧٧- ٩٢) پشتی پێبەستووە، ئەویش کارلێکردنی (ژێرخان)ە لە (سەرخان) و بەردەوامبونی ئەو دیالێکتیکەیەکە لە نێوان ئەم دو لایەنە، چونکە تەواوی باری ئابوری و سیاسیی و ...هتد، لە لایەنی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی ڕەنگدەداتەوە، بۆیە ئەم بەریەککەوتنەی لە ژیانی ڕاستەقینە و هەقیقەتدا هەیە، دواجار لە جیهانبینی شاعیر ڕەنگدەداتەوە و دواتر لە دەرچەیەکدا و لە دەقێکی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێت و خۆی نمایشدەکات، (HAWARD1916: 7,)، بەواتایەکی دی دەقی ئەدەبی/ شیعری (وەك سەرخانێك کاریگەریی بەسەر ژیان و گۆڕانی ژێرخانی کۆمەڵگادا هەیە) (مەلازاردە، ٢٠٢٠: ٤١)، چونکە هەر دەقێك هەڵگری چەندین پەیام و مەبەستی جۆراوجۆرە و ئەرکی جیاواز دەبینێت، لەوانە: ئەرکی ئایینی و زانستیی و فێرکردن و ڕەوشتی و هونەریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی...هتد، بەمەش ئەم ئەرك و پەیامانە بەردەوام بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگە زیاد و کەم دەکەن و بەردەوام لە گۆڕان و نوێبونەوەدان، چونکە ئەمجۆرە ئەدەبە (ئەدەبی پابەندبووە و -ملتزم- پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەی جەماوەرەکەیەوە هەیە)(حەوێز، ٢٠١٥: ١٩).

لەم دیدگەوە قۆناغبەندی دەق و لە قاڵبدانی بابەت و چییەتی دەق لە شیعردا مەرج نییە، چونکە دواجار هەمو بابەتە شیعرییەکان بەپێی هەندێك گۆڕانکاریی کەم تا زۆر لە تەواوی قۆناغەشیعرییەکان هەن، بۆیە دەق هەیە پەیوەستە بە ڕابردو و جۆرێك لە گێڕانەوەی پێوەدیارە، یان دەق هەیە پەیوەستە ؟داهاتوو، ئەمەش بەو مانایەی شاعیر گوزاشت لە ڕوداو و بابەتێك دەکات، کە هێشتا ڕوینەداوە، بەڵکو هزر تیژی شاعیرە پێشبینی ڕودانی دەکات، لەلایەکی دی هەندێکی دیکە پەیوەستن بە ئان و ساتی ئێستاوە، بەمەش لە ڕوی کاریگەرییەوە ئەو دەقانە کاریگەرترن لەسەر هەست و نەست و بیر و ویژدانی وەرگر و خوێنەران، بۆیە وەك (هایدگەر) کاتێك لە بارەی شیعرەکانی

(هۆدەرلین) دەنوسێت، دەڵێت: (شیعر توانای ئاشکراکردنی شتە پەنهانەکانی هەیە، لە توانایدایە دەست بخاتەسەر نابوتییەکانی سەردەم) (لەتیف، ٢٠٢١: ٨٢)، هەر لەسەر ئەم بنەمایانەش چەندین ڕێبازی ئەدەبی دەرکەوتون، بۆ نمونە ئەزمونی ئەدەبیی و شیعریی لای ڕیالیزمەکان، کار بەو بنەمایە دەکات؛ کە دەبێت ئەدەب و شیعر ڕەنگدانەوە و گواستنەوەی دۆخی واقعی ژیان و کۆمەڵگاکەی بێت و گوزارشت لە ژان و خەمی چینی چەوساوە بکات.(گەرمیانی، ٢٠١٩: ٦٩)، ئەمەش بەمەبەستی کارکردنە لە ژێرخان و گۆڕینیەتی، دواجار سەرخانێکی- جۆرە ئەدەبێکی تر دروست دەبێت، کەچی لای سوریالیستەکان، بە پێچەوانەوەبو؛ ئەوەندەی لە چوارچێوەی زەمەنی دەرونی و ویژدانی شاعیرەکان دابو، ئەوەندە ڕەنگدانەوەی قۆناغی مێژویی و ژیانی شاعیرەکان نەبو، ئەمە بەو واتایەی نا، کە سوریالیستەکان نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی ڕوداوە مێژوییەکان، بە تایبەتیش (شەڕ و ئاشوب و جەنگ و کوشتن...هتد) (بڕوانە: عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ١١- ٩٢)، چونکە دواجار هەر خودی ئەم ڕێبازە لە بەرئەنجام و بەرپەچدانەوەی ئەو کارەساتە تراژیدیایانە و لێکەوتەکانی دوای جەنگ دروستبو.

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر ئاوڕێك لە شاعیرە کۆن و نوێ و هاوچەرخەکانی کوردستان بدەینەوە، دەبینین؛ کە کێشەکانی ژیان و کارەساتە جەرگبڕەکان و نەهامەتی و برسیەتی خەڵك و پاڵەوانەکانی کوردەواری و شەڕە داسەپاوەکانی داگیرکەران و ململانێی چینەڕەش و ڕوتەکان لەگەڵ ئاغا و چەوسێنەران، توانیویانە بەشێوەیەکی هونەرییانە، بابەتە ئایدۆلۆژییەکان لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ئاوێتە بکەن، بۆ نمونە: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شێوازی هونەری و ناوەرۆکی شیعری کوردی هەر لە زووەوە هەبووە، بەتایبەتیش پاش ساڵانی ١٩٧٥ دوا بەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، باری سیاسی و دۆخی دەرونی تاکی کورد جۆرە ڕەنگ و سیمایەکی خەمناکی پۆشی، وای لە کەش و هەوای هونەر و ئەدەب بەتایبەتیش شیعریی کوردی کرد، بەرەو ئاقاری بەرەنگاربونەوە (مقاومەت) هەنگاو هەڵبنێ، بەدەیان شاعیر و بە سەدان دەقی شیعرییان لەبەردەستە، کە بەرجەستەی ئەو بارودۆخەیان کردووە، لەوێ شیعر ڕەنگ و دەنگی گولە و بۆنی باروت و خوێنی لێدەچۆڕا، شاعیران بەجۆرێك توڕەییان پێوە دیاربو، خوێنەرانیش- خوێنەری کورد بەرێژەیەکی بەرچاو ئارەزویان لەمجۆرە شیعرانە دەکرد، کە ئاگری ناخیان جۆش دەدا و بڵێسەکانی بەرگرییان بەتینتر دەبو، تیشکی خۆری ئازادیش ڕوناکتر دەهاتە پێشچاو، بۆیە بەدەیان کۆمەڵە شیعری شاعیرانی وەك (لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵلا پەشێو، ئەنوەر قادر جاف و... هتد) نمونەی شاعیرانی بەرگریکاری کورد بون، جگە لەو شاعیرە لاوانەش کە تازە هاتبونە نێو کایەی شیعرەوە و بەهەمان نەفەسی شاعیرانی شیعری بەرگری، درێژەیان بەو ئەزمونە شیعرییە دەدا، تەنانەت هەندێکیان بەکردەیش لە بەرەی بەرگری دابون و لەشاخ چەك لەشان بون، یان لەشار لە ڕێکخستنە نهێنیەکاندابون، ئەم ڕەوتە تا ڕاپەڕین بەهەمان جۆش و خرۆش بەردەوامبو، بەڵام دوای ڕاپەڕین زەمەنێکی تر هاتەگۆڕێ، کورد دوچاری چەندین شەڕ بویەوە، هەر لە شەڕی ناوەخۆ و شەڕی عێراق و شەڕی داعش، کە ئەمانەش ڕاستەوخۆ پەیوەستبون بە ژین و ژیاری تاك بە تاکی کورد، بۆیە ئەدەبیش وەك بوارێکی بەشدار لە کایەی ژیاندا بەدەرنەبو لە هەڵویست و بەشداریکردن لەم قۆناغانەدا.

### ١- ٥ کورد و ئەدەبی شەڕ:

ئەگەر سەرنجێکی خێرا بە مێژوی کورد و کوردستاندا بکەین، دەبینین کورد هەر لە زووەوە بۆ بەرگری لە نیشتیمان و نەتەوەکەی لە بەرەی شەڕ دابووە،(بڕوانە: لازاریف، 2008: 3- 549)، جا چ شەڕی بەرەنگاربونەوەی داگیرکاران بێت، یان شەڕی بەوەکالەت- هاندانی دەستێك بێ، بەرانبەر لایەنێکی تر، لەلایەکی دی هونەر و شۆڕشی کوردی بەردەوام لە پەیوەندیدا بوینە، ئەمەش ڕاستەخۆ وایکردووە، کە (شیعر و ئەدەبی کوردی زیاتر خۆی لە ئەدەبی بەرگری) (میرە، ٢٠٢٠: ٧٧) شەرِدا ببینێتەوە، ئەمە نەك تەنها لە هاوکێشەی گۆشەی شۆڕش، بەڵکو هونەر ئەم دەرکەوتەیە، کە مێژوی شارستانییەتەکان پیشاندەدات، جومگەیەکی دیار و بەهێزی کورد و کوردستانە.

لەم دیدگەوە گەر سەیری مێژوی کورد و دۆخی کوردستان بکەین، لە سەرەتای سەدەی بیستەم تایبەت لە هەردو جەنگی (یەکەم و دووەم)ی جیهان و ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد و ناوچەکەی هاتون، دواتریش لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا لە لایەن ڕژێمەکانی دیکە دەستکرا بە (پاکتاوی ڕەگەزی، لەسێدارەدان، کیمیاباران، ئەنفالکردن- بارزانییەکان/هەڵەبجە، گرتن و ڕاوەدونان و وێرانکردنی دێهاتەکان و ڕاگواستن و تا کۆرەوی بەهاری ١٩٩١...هتد) بەسەرهاتی گەلێکی خێر لەخۆ نەدیوی بێ دەوڵەتن، بۆیە ئەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر هزری تاکی کورد هەبووە، شاعیرانیش بە وشە و پەیامە مەبەست ئامێز و نەتەوەییەکانییان (گەل)یان وشیارکردۆتەوە و بۆ بەرگریکرن و بەرخودان هانیانداون، بۆیە بەدرێژای ئەو مێژووەش شۆڕش و بەرخودان بەردەوام بووە و سڵیان لەمردن نەکردۆتەوە و توانیویەتی بوونی خۆی لە نیشتیمانەکەیدا بپارێزێت.

کەواتە بەو چەمك و واتایەی باسکرا، ئەدەبی شەڕ بە گشتی و شیعریی بەرگریی و شەڕ بە تایبەتی، ڕیشەیەکی کۆنی لە ئەدەبی کوردییدا هەیە، هەر لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی- نەنوسراو، تا ئەدەبی نوسراو، (ئامێدی، ٢٠٠٥: ١٤٢- ٢٩٤) بەشێکی زۆر و بەرچاو دەقەکانی بەر ئەدەبی شەڕ دەکەوێت، چونکە دۆزی کورد و نیشتیمانەکەی/ کوردستان لە دۆخێکدا بووە، بەردەوام لە ناو کایەی شەڕ و جەنگ و داگیرکاری و چەوسانەوەدا بووە، هەر لە جەنگی جیهانی و شەڕی ئەمارەتەکانی کوردی و بەکارهێنانی تاکی کورد بۆ شەڕ و شەڕی دراوسێکان و داگیرکەرەکانی ناوچەیی و زلهێزەکانی جیهان، ئەمە جگە لەوەی گەر کورد ڕاستەوخۆش لەناو شەڕەکە نەگلابێت و موشەك و کاتیوشا و فیشەك و نارنجۆك یەخەی نەگرتبێت، ئەوە لایەنی کەم ترس و دڵەڕاوکێیی لێدان و گرتن و ئەشکەنجە و کوشتن و لە سێدارەدان، هەمیشە هەبون و هەن، ئەمەش بۆتە هەوێنی چەندین دەقی شیعری بۆیە دەکرێت بگوترێت، کە ئەدەبی کوردیی بە زۆری لەناو دۆخێکی ئۆنتۆلۆژی-سیاسیدا کاریکردووە و گەشەیکردووە، وەك لە باشوری کوردستان، هەر لە (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی) و بەیت و ڕۆمانی( قەڵای دمدم)ی (عارەب شەمۆ) و ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی (ڕەحیمی قازی) و بەشێك لە شیعرەکانی (بێکەس و قانع و دڵدار ...هتد) و دیوانە شیعریی (شەهید مەلاعەلی) و ڕۆمانەشیعری (گۆڕستانی چراکان)ی (شێرکۆ بێکەس) و شێرپەنجەی (براکوژی)ی (عەبدوڵلا پەشێو) و چەندان بەرهەمی دیکە هەن، کە ڕاستەوخۆ دەرخەری ئەو بارودۆخەی کوردستانن و فلمێکی پڕ لە ناسۆر و نوسراوەیی بەرگری و شەڕی کوردەکانن، لە خاك و نەتەوە و نیشتیمانەکەی، بۆیە زۆرجار ئەو بەرهەمانە (زمانێکی زۆر ڕژد و توندییان هەیە) (میرە، ٢٠٢٠: ٢٠١)، چونکە لێرەدا ئایدۆلۆژیا/ پەیام و مەبەست ئەوەندە گرنگە، دەبێتە سەردەستەی دەقی شیعری و ئیستاتیکا بونێکی وەهای لە شیعردا نامێنێت، ئەمەش وەنەبێت خۆیان هەستییان پێنەکردبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەوپەڕی ئاگایی و بە مەبەست وایانکردووە.

لەم دیدگەوە دەبێت لە لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئەزمونی شیعری شەڕ دیدگایەکی کراوەمان هەبێت، چونکە ئەزمونەکان وەکو بەشێك لە مێژوی کوردناسی و زمانی کوردیی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp221-234

لە قەڵەم دەدرێن، کە بە هەمو کەموکوری یان سەرکەوتن و گەشەداربونەکانییەوە بەشێکە لە مێژوی کورد و کوردستان.

### ١- ٦ کورتەیەکی مێژویی شەڕەکانی کورد و ناوچەکە لەو ماوەیە (١٩٩١- ٢٠١٧)دا:

هەڵبەتە کوردستان بە درێژایی مێژو لانکەی شەڕ و وێنکاریی بووە و کوردیش سوتوی ئەو وێرانی و شەڕانەبووە، بۆیە گەر بڕوانینە ئەو چارەگە سەدەیە (١٩٩١- ٢٠١٧) کورد و کوردستان ڕوبەڕوی چەندین شەڕی نەخوازراو بۆتەوە، لەوانەش:

**شەڕی ناوخۆ:**

ڕەنگە شەڕی ناوخۆ لە ناواخندا مانای ئەوە بگەیەنێت، کە جۆرە شەڕێکە نابێت ببێت، چونکە وەك دەزانرێت: شەڕ بۆ خۆپاراستنە یان داکۆکیکردنە لەگەڵ (دەرەوە)دا لە کایەی سیستەمی دەوڵەتدا، بەڵام کاتێك باس لە کایەی سیستەمی دەوڵەت دەکەین، هیچ بونێکی ڕاستەقینەی نییە، بۆیە لێرەدا (شەڕی ناوخۆ) بریتییە لە جەنگی ئەو هێزانەی، کە توانای شەڕیان هەیە، لە ناو کایەیەکی نادەوڵەتییدا، شەڕی ناوخۆ زۆرجار بە شەڕی براکوژیش ناودەبرێت، بۆیە لێرەدا بەپێویست دەزانرێت ئاوڕێکی مێژویی لەم لایەنە بدەینەوە.

وەك دەزانرێت؛ کورد هەمیشە لە شۆڕش دابووە دژی داگیرکەرانی کوردستان، لە باشوری کوردستانیش شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کورد، لە لایەن (پارتی دیموکراتی کوردستان ١٦ی ئابی ١٩٤٦) بە ڕابەرایەتی (مستەفا بارزانی ١٩٠٣- ١٩٧٩) دژ بە حکومەتی عێراق بەردەوامبون ، دوای ئەوەی حکومەت بەیاننامەی (١١ی ئازار ساڵی ١٩٧٠) لەگەڵ سەرکردایەتی کورد واژۆکرد، دەسەڵاتی خۆجێیی بە هێزە کوردییەکان لە کوردستانی باشور درا، دواتر نسکۆی شۆڕش و (مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی) دانرا، دەرکەوتنی هێزێکی تر بە ناوی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ٢٢ی ئاياری ١٩٧٥) بە ڕابەرایەتی (جەلال تاڵەبانی ١٩٩٣- ٢٠١٧) دروستکرا، دوای ئەوەی ڕژێم لە بەڵێنەکانی بەرانبەر گەلی کورد پەشیمان بویەوە، دوبارە کوردەکان دەستیان بە چالاکی و شۆڕش کردەوە، چەندین گورزیان لە ڕژێمدا، لە بەرانبەریشدا ڕژێم بێبەزەییانە کەوتە گرتن و کوشتن و زیندەبەچاڵکردن و ڕاوەدونان و خاپورکردن و ڕاگواستن و ئەنفالکردن و کیمیابارانکردنی کوردەکان لە گوند و شار، دواجار ئەمە نەك هەر کوردەکانی لە شۆڕش سارد کردەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، تا دەهات کوردەکان لەسەر مافەکانیان ڕژدتر دەبون، تا لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕین کرا و شارەکوردییەکان لە (ڕژێمی بەعس) پاككرانەوە و دواتر دەرچونی بڕیاری (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان) ژمارە (٦٨٨) بۆ کوردەکان، (حکومەتی خۆجێیی کوردی)ی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزرا، دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردنی (پەرلەمانی کوردستان) کرا و هەردو هێزی یەکەمی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بە هاوبەشی حکومەتیان دامەزراند و تا ڕادەیەك ئازادی و سەربەخۆی بەرقەرار بو، لە لایەکی دی برسیەتی و هەژاریش باڵی بەسەر ناوچەکە کێشابو، چونکە دوای کشانەوەی هێزەکانی بەعس لە کوردستان لە (١٩٩١) حکومەتی بەغداد گەمارۆی ئابوری خستبووە سەر کوردستان، ئەمەش هێندەی تر باری ژیانی قورستر کردبو، دوای ماوەیەکیش ململانێ کەوتە نێوانیان ئەم دو پارتە، تا دواجار (شەڕی براکوژی- شەڕی ناوخۆ،)ی لێکەوتەوە،( شەڕی ناوخۆ)ش شەڕێکی چەکداریی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بو، کە لە ساڵی (١٩٩٤) لە نێوان هێزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا ڕویدا کە بەداخەوە بووە هۆی ماڵوێرانی و جگە لە نەهامەتی هیچیتری بۆ کورد پێنەبو. دواجار لە (١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨) بە ناوەندگیری ئەمریکا (ڕێککەوتننامەی ئاشتی) لە (واشنتۆن)ی (لە نێوان سەرکردەکانی کورد واژۆکرا و کۆتایی بە شەڕی براکوژی هات.

**شەڕی ئەمریکا و عێراق:**

شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەگەڵ عێراقدا ململانێیەکی چەکداریی درێژخایەنە، کە لە سەرەتا لەژێر ناوی ئازادکردنی عێراق لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەستی پێکرد، بە بیانوی کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆریەتی و هێنانی دیموکراسی بۆ گەلی عێراق بەگشتی، لە ئەنجامدا لەشکرکێشییەکە حکومەتی عێراقی لە کانونی هەمان ساڵدا ڕوخاند، دواتر ناونیشانەکەیان گۆڕی بۆ داگیرکردنی عێراق و ماوەیەکی زۆر مانەوە، بۆیە ململانێکان تا دەیەی داهاتو بەردەوام بون.

دوای ئەوەی یاخیبون و دژایەتییەك لە دژی هێزە داگیرکەرەکان و حکومەتی عێراقی نوێ لە دوای لەشکرکێشییەکە سەریهەڵدا، ئەمەش بە مەزەندەکردنی زیاتر لە (١٥١.٠٠٠) کوژراو و زیاتر لە (٦) ملیۆن عێراقی لە (سێ تا چوار) ساڵی یەکەمی شەڕدا، هەرچەندە ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١١) بەفەرمی کشانەوەی خۆی لە وڵاتەکە ڕاگەیاند، بەڵام دواتر لە ساڵی (2014) گەڕایەوە و سەرۆکایەتی هاوپەیمانییەتییەکی نوێی کرد، دژ بە یاخیبووان و شەڕی چەکداریی ناوەخۆیی- میلشیاکان.

**پێگەی کورد لە شەڕی عێراقدا:**

هەردو هێزەکەی کوردستان (پ. د. ك.) و (ی. ن. ك.) کە خاوەنی چەندین سەرکردەی سەربازی و پێشمەرگەی ئازا و بەجەرگ بون، لە ساڵی ٢٠٠٣ هاوپەیمانییەتیان پێکهێنا لەگەڵ ئەمریکییەکان بۆ مەبەستی ئازادکردنەوەی (کەرکوك و موسڵ..)، هێزی پێشمەرگە، لە هێرشی سەرزەمینیدا لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا بەشداربون و هاوکاری هاوپەیمانانییان دەکرد، تا ڕوخانی ڕژێم و پێکهێنانی حکومەتی عێراق. ئەوەی ماوەتەوە بگوترێت، هەرچەندە کوردەکان هەوڵی جیابونەوە دەدەن لە عێراق، بەڵام پلانی دەرەکی و دەستی هێزی بێگانە و نەبونی ژێرخانێکی سەربەخۆ و مامەڵەنەکردنی بەشێك لە دەوڵەتان بە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئابوری و بازرگانی کوردستان، تاکو ئێستاکەش ڕێگرە لەم ڕوداوە مێژوییە.

**شەڕی داعش:**

دوای داگیرکردنی عێراق لە (٢٠ی ئازاری ٢٠٠٣) لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانییەکانییەوە، جەنگی ناوخۆی عێراق دەستی پێکرد، و چەندین ڕێکخراوی تیرۆرستی توندڕەو هاتنە ناو عێراق و چالاکیان ئەنجامدەدا، جەنگەکەش بە شێوەیەکی فەرمی تاوەکو ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام بو، لە کانونی یەکەمی ٢٠١١ ئەمریکا لە عێراق کشایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا خۆتەقاندنەوە و هێرشی تیرۆرستی لە چەند ناوچەیەکی عێراق بەردەوام بون، دوای بەهاری عەرەبی و داواکردنی خەڵك بۆ باشترکردنی باروگوزەرانی ژیانیان، عێراقیش بەدەرنەبو لە خۆپیشاندان و وڵات پڕببو لە ئاژاوە.

(داعش) یاخود دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ڕێکخراوێکی چەکداری جیهادی-گیانفیدایی سونییە، ئەم ڕێکخراوە لە لایەن زۆرێك لە دەوڵەتان وەك باڵێکی (ڕێکخراوی قاعیدە) تەماشا دەکرێت، چونکە زادەی هەمان بیر و بەرنامەبو، سەرەتای کارەکانی بۆ دەستبەکاربونی (ڕێکخراوی ئەلقاعیدە) لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤ دەگەڕێتەوە، دامەزرێنەرانی داعش هەمان ئەندامە کاراکانی قاعیدەبون، ئەم ڕێکخراوە کارە تیرۆریستییەکانیان لە ژێر ناوی جۆر بەجۆردا ئەنجام دەدا، سەرەتای دەرکەوتنیان لە ٢٠١٣ بو لە ژێر ناوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق)، دواتر لەگەڵ گەشەسەندنی و

زیادبونی ژمارەی سەربازانیاندا، بەشێك لە چالاکییەکانیان بۆ سوریا گواستەوە، لەوێوە سەرجەم چالاکییەکانی خۆیان لە ژێر ناوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) ئەنجامدەدا. لە ڕێککەوتی (١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤) شاری (موسڵ) کەوتە دەستی ئەو ڕێکخراوە، دواتر پێشڕەویان لە هەردو بەرەی سوریا و عێراقدا کرد و توانیان بە ماوەیەکی کەم، سنورێکی فروان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.

**شەڕی پێشمەرگە و داعش:**

زنجیرەیەك شەڕ بو لە نێوان چەکدارانی داعش لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، کە سەرەتا بە پەلاماردانی چەکدارانی داعش بۆ سەر ناوچە کوردیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەستپێیکرد، لە مانگی (ئابی 2014) لە ئاکامدا کورد چەندین ناوچەی لە دەستدا وەك زومار و شنگال، لەم هێرشەدا کۆشتارگەی شنگال ڕویدا کە بنکەی ئێزیدییەکان بو ، قوربانییەکانی ئەو شەڕە بە (٢.٠٠٠ بۆ ٥.٠٠٠) کەس دەخەمڵێنرێن، دواتریش هەستان بە دیلکردنی کچە ئێزیدییەکان و زۆرینەیان لە بازاڕەکانی شاری موسڵ و ڕەققە وەك کەنیزە فرۆشران، کەسانێکی زۆر دوای کەوتنی شاری شنگال و دەوروبەری ئاوارەبون، کەوتنی بنکەی سەرەکی یەزدییەکان دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە جیهاندا لێکەوتەوە و چاوی تەواوی میدیاکانی جیهانی بۆ ناوچەکە ڕاکێشا، هەرچەندە (ڕێکخراوی تیرۆستی داعش) هێزێکی پڕ چەك بو، خاوەن هەمو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوی شەڕ بو، و شارەزاییەکی باشیانیش لە شەڕی سەربازیی و تەکنەلۆژیا هەبو، ژمارەشیان لەسەروی سەدان هەزار چەکدارەوە بو، لە ڕوبەرێکی زۆر گەورە و ستراتیژی عێراق و سوریا حوکمیان دەکرد، لەبەرانبەریشدا (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) خاوەن چەکی پێشکەوتو و تانك و پێداویستی تەواوی شەڕ نەبو، بەڵام بە ڕابەرایەتی و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێم و ئیرادە و ورە بەرزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانرا سەرکەوتن بەسەر گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لە جیهاندا تۆمار بکرێت.

## ٢ . شەڕ لە شیعری هاوچەرخی کوردیی باشوری کورستاندا ساڵانی (١٩٩١- ٢٠١٧) بە نمونە:

هەڵبەتە شەڕ لەگەڵ گەلی کورد بەهۆی بارودۆخ و هەڵکەوتەی کوردستان مێژویەکی کۆنی هەیە؛ بۆیە ئەگەر چاوێك بە مێژویی ئەدەبی کوردیماندا بخشێنین، دەبینین لایەنێکی دیاری بنیاتی بابەتی بەشێك لە دەقەکانی پێکهێناوە، ئەمەش بەپێی قۆناغەکان هەڵبەز و دابەزی کردووە، بە واتایەکی دی؛ ئەوکاتەی بێگانەکان و داگیرکەران و دوژمنانی کورد؛ بونەتە مەترسی لەسەر تاك و خاك و گەل و نیشتمان، شاعیران نوکی خامەکانیان کردووە؛ بە لولەی تفەنگ و وشەیان کردۆتە فیشەك و شیعرییان کردۆتە فیشەکدان، چەشنی پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگریی و بەرخوداندابونە، لە بەرانبەریشدا کاتێك شەڕی ناوخۆ دروستبووە، شاعیران دژی وەستاونەتەوە و هەوڵیانداوە بینە بەرەی یەکبون و برایەتی و وشەکانییان بکەنە گەردانەی ئاشتی و پێکەوژیان، لەم دیدگەیەوە هەر دو بەرەی (هاندان بۆ شەڕ دژی داگیرکەران) و (قێزکردنەوە لە شەڕی براکان) بە جۆرێك بونە، کە هەندێجار دەربڕینەکان هێندە توند و ڕاستەوخۆ بوینە، شیعریەتی شیعرییان لەم پێناوەدا کردۆتە قوربانی، شیعریش بۆتە شیعار، چونکە لێرەدا ئایدۆلۆژیا پێش ئیستاتیکا دەکەوێت و بونی خۆی دەسەلمێنێت، لێرە ئەوەندەی پەیام و چی گوتن گرنگە، چۆن گوتن گرنگ نییە...

کەواتە شیعری شەڕ دیاردەیەکی کۆن و نوێیە لە شیعریی کوردیدا، کاریگەریی لەسەر جیهانبینیی شاعیران هەبووە و ڕەنگیداوەتە لە دەقە شیعرییەکانیاندا، بۆیە لە شیعریی هاوچەرخی کوردی ئەم ماوەیە (١٩٩١- ٢٠١٧) دو جۆرە ئاراستەی شیعریی شەڕ بەرچاو دەکەون:

### ٢- ١ ئاڕاستەی یەکەم: ئەو شیعرانەی دژی بەردەوامی شەڕ نوسراون:

بەگشتی ئەم ئاڕاستەیە و شەڕیان بە ماڵوێرانی و نەهامەتی بۆ کورد و کوردستان داناوە و وەسفکردووە، بۆیە هەمو هێزی خۆیان و وشەی شیعریان لە وەستاندنی شەڕ بەکارهێناوە، تایبەت ئەو شەڕانەی (کورد دژی کورد) بەرپای کردون، بۆیە شاعیران بە هەمو شێوەیەك دژی ئەو لایەنانە وەستاون و هەوڵی ڕێگری لە پێکدادان و هێنانە کایەی ئاشتییان لە نێوانیاندا داوە، تەنانەت شاعیرێکی وەکو (عەبدوڵلا پەشێو) دیوانێکی بە ناوی (براکوژی) لە ساڵی (١٩٩٤) لە گەرمەی شەڕەکە لە شاری (هەولێر) بە چاپی گەیاندووە و سەرجەم شیعرییەکانی گوزارشتن لە ڕەتکردنەوەی شەڕ، هەندێکجار بە زمانێکی سادە و زبر تا ئاستی داشۆرین هاتۆتەگۆ، هەر خۆشی هەستی بەمە کردووە، وەك دەڵێت:

ئەمرۆ ڕۆژی شیعر نییە،
بۆیە، من بۆتان دێمە گۆ،
بەزمانێکی یەکجار سادە
پێتان دەڵێم:
ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ
زۆڵە، تەرەسە، گەوادە! (پەشێو، ٢٠١٤: ٤٥٥)

ئەم دەربڕینە بەم زمانە سادە و ساکار و ڕاستەوخۆیە، گوزارشتە لە جیهانبینی شاعیر و کەفوکوڵی ناخی بەرانبەر ئەو شەڕە نەگریسەی، کە بەرۆکی کوردی گرتووە و تێیدا برا بەرانبەر براکەی چەك هەڵدەگرێت و دژی دەوستێتەوە لەسەر چەند بیرباوەڕێکی پارتایەتی، ئەمەش خەمی شاعیری هێندەی دیکە قوڵتر کردۆتەوە، چونکە شاعیر خەون بە نیشتمانێکی سەربەخۆ و ئازادکراو دەبینێت، کەچی لەو بەشەی کوردستان براکان خۆیان شەڕی خۆیان دەکەن.

بۆیە لە بەشێکی دیکەدا، لە بارەی ئەو ناکۆکیی و دابەشکارییەی پارتەکان کردویانە، دەڵێت:

لەم نیشتمانە چارە ڕەشەدا
چیتان هێشتووە.
ناوێرم قەڵەمێك هەڵگرم.
ناوێرم کراسێك لەبەرکەم.
ڕووتان ڕەش بێ،
خۆ ڕەنگەکانیشتان دابەش کرد!
.........................
بڵێم خوێندکار یا قوتابی؟
ژن یا ئافرەت؟
ڕووتان ڕەش بێ،
تا وشەی ناو فەرهەنگەکانیشتان دابەش کرد!
..........................
دوو کەناری زێی جاویدانی
خانی حاجی قادرتان دابەش کرد.
خاك و ئاو و ئاگرتان دابەش کرد
کوا چیتان هێشت؟

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp221-234

کوا کێتان هێشت؟
قەحپە و دز و ڕێگرتان دابەش کرد. (پەشێو، ٢٠١٤: ٤٤٣)

شاعیر پێیوایە ئەو دو حزبە دەستیبیان بەسەر تەواوی لایەن و شتەکاندا گرتووە و هەمو شتێکیان بۆ خۆیان و بەسەر خۆیاندا دابەشکردووە، تەنانەت ڕەنگەکانی خواکردیش بە جۆرێك دابەشکراون بەسەر جەمسەرە سیاسییەکاندا، بۆیە مرۆڤەکانی ئەم ناوچانە جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێییان پێوەدیارە، شاعیریش بە هەستکردن بەمە و خۆشی بەشێکی ئەو کۆمەڵگەیەیە، بۆیە لە (هەڵگرتنی قەڵەمێك) و (لەبەرکردنی کراسێك) بەرەنگێکی دیکەی نامۆ بەو زۆنە دەترسێ لەوەی دەسەڵاتدارانی ناوچە بیگرن و ئەشکەنجەی بدەن، شوێن بزری بکەن، دواتر شاعیر ئەم دابەشکارییە دەباتە ناو خودی فەرهەنگی وشەی کوردی و باس لە (قوتابی- خوێندکار) و (ژن- ئافرەت) دەکات، پاشانیش باس لە دابەشکاریی چینە خراپەکانی کۆمەڵگە (قەحپە، دز، ڕێگر) دەکات، کە بەسەر دو بەرەدا دابەشبون، دواتر باسی کەڵەپیاو و شاعیرانی ئەدەبی کوردیی (خانی و حاجی) دەکات، کە پارتەکان ئەمانەشیان بە موڵکی خۆیان داناون و دابەشیان کردون، لە کاتێکدا ئەمانە سەرمایەی مێژوی ئەدەبی کوردیین، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە شاعیر دژی شەڕی ناوەخۆ بووە و لەم پێناوەشدا کاری کردووە.

هەروەها (زرار سەرتاش) لە بەشێکی شیعرێکی بێ ناونیشاندا، دەڵێت:

شەڕی کۆترەکان قێزەونە
چەکەکانتان بەڕووی یەکتردا تاقی مەکەنەوە
هێشتا برینەکانی دوێنێیان
سارێژ نەبوون (سەرتاش، ٢٠١٨: ٥٢)

شاعیر بە سود وەرگرتن لە باڵندەی (کۆتر)، کە ڕەمزی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، دیمەنێکی تەنز ئامێز دروستدەکات، لە کاتێکدا؛ کە براکان دەست لەناو دەست بە پاڵپشتی گەل بەیەکەوەبون بۆ وەدەرنانی (ڕژێمی بەعس) لە ساڵی(١٩٩١)دا، فریادڕەسی ئەو میللەتە بون، چەندین قوربانییان بۆ ئەم خاك و خەڵك و نیشتمانە داوە و هێشتا بۆنی خوێن و باروت وڵاتی بەرنەداوە و برینی لەدەستدانی ئازیزانمان سارێژنەبووە، کەچی سەیرە ئەمڕۆکە براکان لولەی تفەنگەکانیان بەرانبەر یەکتر ڕاگرتووە، ئەمەش شتێکی یەکجار قێزەون و ناجۆرە، بۆیە شاعیر هەڵوێستی نەرێی خۆی بۆ ئەم کارە ڕادەگەیەنێت.

هەروەها (دلاوەر قەرەداغی) لە شیعری (شەڕ و ئاشتی)یدا، باس لەو بارودۆخە دەکات، کە شەڕ دەیهێنێتە ئاراوە:

لە شەڕدا...
ڕۆشنایی چاوی دایکم دەکوژێتەوە و
چراکانی نیشتمان کوێرایی دایەت
لەشەڕدا...
تاڵ تاڵ کەزی درێژ و جوانی گۆرانییەکان سپی دەبێ
کە شەڕ بەهاواری ناقوڵاو قەبەیەوە
لەودیوەوە لە زەنگی دەرگای حەوشە دەدا
لەمدیوەوە گوڵە بەهارییەکان لە ترسا
ڕەنگێك دەهێنن و ڕەنگێك دەبەن،
پاسارییەکان دەکەونە مقۆ مقۆ،
لەرزێکی لە سەهۆڵ ساردتر
ڕۆدەچێتە گیانی قەڵەمەکەمەوە
دێو دەچێتە خەونی ئاڵووالای مناڵەکەمەوە (قەرەداغی،٢٠١٣: ٧٩)

شاعیر باس لەو ساتە دەکات، کە شەڕ یەخەی وڵات دەگرێت، ئیتر جەرگی دایکان دەسوتێت و تارماییەکی ڕەش نیشتمان دادەپۆشێت، خەندە لەسەر لێوی مرۆڤەکان و خۆشی لە دڵییاندا نامێنێت، کاتێك شەڕ دێت ئیتر هەمو شتە جوانەکان لەناودەچن، ترس و دڵەڕاوکێ دەکەوێتە هەمو ماڵێك، تەنانەت چۆلەکەکانیش لە دەنگی تەقە و بۆنی باروت بێزاردەبن، ئیتر سانسۆر دەکەوێتە سەر هەمو شتێك، نوسەران ناتوانن بە ئازادی بنوسن و گوزارشت لە خەون و خولیاکانییان بکەن، تەنانەت مناڵەکانیش لەم ترس و تۆقاندنە بەدەرنین، لەبری خەونی خۆش و چون بۆ شاری یاری، بە دەنگی تەقە و تۆپ دەنون و لە خەونەکانیش هەر ترس و دێو و خێوە و هەر بەم حاڵ و دەنگەشەوە بەئاگا دێنەوە.

لە بەشێکی دیکەدا دەڵێت:

کە شەڕ هەڵدە گیرسێ
کەسێ نامێنێ بەیانی باش و ئێوارەباش و
شەو باشی لێبکەین...
کە شەڕ هەڵدەگیرسێ
دەستەکان لە گۆ دەکەون
قەڵەمەکان دەشکێن
شمشاڵ دەنگی دەنووسێ..
شەڕ دۆڕانی هەموو شتێکە...
شەڕ مومارەسەرکردنی
مەرگ و وێرانی و کوشتنە (قەرەداغی، ٢٠١٣ :٨١، ٨٢)

لە دیدگەی شاعیر شەڕ سەرچاوەی هەمو نەهامەتییەکانی مرۆڤە، چونکە هەر مرۆڤە دەبێتە سوتماکی شەڕ و لەناوچون، دواجار شەڕ هەمومان قوتدەدات، کە نەبینە بەرکەوتەی شەڕیش ئەوە شادی و خۆشی لە ناخماندا ئۆغر دەکا و بێتاقەتی باڵ بەسەر هەمو شتێکدا دەکێشێت.

هەروەها (جەماڵ غەمبار)یش لە شیعری (مەنفاکان، لێرەوە دەست پێدەکەن، یان هەمو دەچینەوە بۆ شەڕ)، باس لەو نەهامەتی و دەردەسەرییانە دەکات، کە شەڕ دەیهێنێتەکایەوە، وەك دەڵێت:

هەموو دەچینەوە بۆ شەڕ
فانۆس و تەورەکان
هەنار و
عاشقبوون
ئاوێنەوە بەردە نوێژەکان
من و تۆش (مارینا)
من و تۆش لیمۆ گیان
دەگەڕێینەوە کەناری (میدۆزا) (غەمبار، ٢٠١٠: ٣٧٨-٣٧٩)

کاتێك شەڕ هەڵدەگیرسێت، لە باش و خراپ ناپرسێ، هەمووان پرۆشکی شەڕیان بەردەکەوێت، بێ گیان (فانۆس، تەور) و گیاندار و مرۆڤەکانیش بەشێکی زۆرییان لەم وێرانییە بەردەکەوێت، بۆیە شەڕ دەبێتە باسی ڕۆژ و هەمووان پێییەوە سەرقاڵدەبن، تا شەڕ دەچێتە ناو دوعا و نوێژ و پاڕانەوەکان و باسی سەرزاری عاشقەکان و ترسی دابڕان دەیانگرێتەوە، چونکە هەر لاوەکانن زیاتر بۆ سەنگەری بەرگریی دەچن و هەر ئەوانیش زیاتر دەبنە قوربانی، بۆیە لاوە عاشقە خوێن گەرمەکان بە تاسەوەن شەڕ

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp221-234

کۆتایی بێت و بگەڕێنەوە بۆ ژوانی یار و باوەشی پڕ بەرائەت و خۆشەویستی، بەڵام دواجار لەم پێناوەدا (شەهید) دەبن، ئەمەش دەبێتە خەونێکی بەدینەهاتوو، بۆیە شاعیر لەسەر زاری ئەمانەوە دەڵێت:

لەوێڕا بەیەکتری دەگەین، لای سەرابە
چۆڵەکان و
لای سەنگەرەکانی ئاشنامان
لەوێ، پێت دەڵێم سێبەرەکان چۆن یەکتری
لەتدەکەن و
ئەو گوڵانەت نیشان ئەدەم
کە لە حوجرە تاریکەکانی سەرمدا،
چۆن لەشەرحی مردن و، خەتی نەفرەت
بوونەتەوە
هەر لەوێ، لەنزیك پەڵە نەعناو
بەیبوونە ژاکاوەکانی ژێر زەردەپەڕدا
چیرۆکی ئەو تفەنگەت بۆ دەگێڕمەوە،
منی کوشت و
ئەو هەناری نیشتمانەی فڕیویدام..
لەوێ، چەند شتێکم هەیە بۆ وتن. (غەمبار، ٢٠١٠: ٣٧٩- ٣٨٠)

لێرەدا شاعیر لەسەر زاری (شەهید)ەوە دێتە دوان و لە گێڕانەوەی ئەوەی پێیدا تێپەڕیووە بۆ (دولبەرەکەی)، باس لە ناخۆشی و نەهامەتییەکانی شەڕ دەکات، کە دەرچەیەکی بۆ خۆشی و تروسکاییەکی بۆ ژیان و ئومێدێکی بۆ دوبارە بەیەکگەیشتن و بەیەکەوەبون نەهێشتۆتەوە.

(کەریم دەشتی)یش لە بەشێکی شیعری (فەیلەسوفەکانی شەڕ)دا، دەڵێت:

هەموو ڕۆژەکانی عومری من پڕ شەڕ و مەنفایە
ڕۆژێك نەبوو بێ فرمێسك شەو بەڕێ کەم
تەقە نەیهێشت کتێبەکانم تەواو بکەم
تەقە نەیهێشت جارێکی دی دایکم کراسە ڕەشەکەی فڕێ داو
گۆرانییەکەی جارانم بۆبڵێتەوە
شەڕ نەیهێشت نوکتەکانم تام و بۆی بمێنێ
تەقە نەیهێشت منالآنمان تێکەڵ بەیەك بن
بەعاشقی بمرین
مارکس گوتی: شەڕ هێندێ جار نیعمەتە
بەهەڵەداچوو!
ماو گوتی: شەڕ هێندێ جار ئاشتیە
بەهەڵەدا چوو!
فرۆید گوتی: شەڕ جنسییەو دەبێ بێ
ئەویش بەهەڵەدا چوو!
گاریباڵدی: گوتی شەڕ مانەوەیە
بە هەڵەدا چوو!
گیڤارا گوتی: شەڕ ڕزگارمان دەکا
بە هەڵەداچوو!
هەموو ئەو پیتۆڵانەی بەقەد نەنکم ئاقڵ نەبوون
کە گوتی: شــــــەڕ ناهێڵێ قەیســــــیەکانم وشـــك کەمەوە..
شـــــەڕ ناهێڵێ مریشـــکەکانم لەســـــەر جووجـــەڵە دانیشـــن..
شـــــەڕ ناهێڵێ بووکـــــەکەم منالێکی جــــوانی بێ
بمـــــە خاوەنی نـــــەوەیەك.. (دەشتی،٢٠١٢: ١٩٤- ١٩٥)

شاعیر باس لە ئەزمونی ژیانی خۆی دەکات، کە ڕۆژەکانی پڕ شەڕ و سەختی بونە، شەڕەکانیش مایەی خەم و ناخۆشی و نەهامەتی بونە، دەنگی تەقە کاسی کردووە و نەیهێشتووە تەقە نەیهێشت کتێبەکانی تەواو بکات، نەیهێشتووە دایکی کراسە ڕەشەکەی فڕێ داو، ئاخر لە شەڕدا قوربانی هەر مرۆڤ خۆیتی، دایکان جگەر سوتاودەبن، هونەر و گۆرانی بەرەو دواکەوتن دەڕوات، ژیان تام و بۆی مردن دەدات، شەڕ دەچێتە هەمو شوێنێك، منداڵان ناتوانن لە ماڵ بێنەدەر و لە کۆڵان و بەردەرگاکان یاری و ماڵەباجێنە و ماتانێ بکەن، شەڕ هەمو خەونەکانی گەورە و بچوك لەناو دەبات تەڕ و وشك دەسوتێنێت، تا شەڕ ناهێڵێت مرۆڤ بە مردنی خۆی بمرێت، بۆیە شاعیر ڕەخنە لە زانایان و فەیلەسوفان و دەروناسان و کۆمەڵناسان و سیاسیەکان و جەنگاوەرەکانیش دەگرێت، کە هەر یەکێکیان لە دیدگەی خۆیەوە باوەڕیان وابووە؛ شەڕ مایەی ڕزگاری و خۆبەتاڵکردنەوە و هێنانی نیعمەت و خۆشییە، بۆیە شاعیر بۆ بەدۆرخستەوەی ئەو زانا و فەیلەسوف و دەروناسانە قسەکانی داپیرەی دەکاتە شاهێدحاڵ، کە هیچییان بەقەد (داپیرە)ی لێزان نەبونە، کە باوەڕی وابو؛ شەڕ تەواوی کایەکانی ژیان تێکدەدات، چێژ و خۆشی لە ژیاندا ناهێڵێت، تەنانەت ناهێڵێت مریشکیش بەسەر هێلکەوە کڕ بکەوێت و بەسەر جوجەڵەکانی هەڵنیشێت و دایکایەتییان بۆ بکات، شەڕ ناهێڵێت کوڕ و لاوانی وڵات بگەنە یار و ماڵۆچکەیەك چێبکەن و نەوەیەك بۆ دوارۆژ بێنەوە، ئاخر شەڕ قوربانی دەوێت، قوربانیش هەر لاوان و گەنجانی وڵاتن، ئیتر شەڕ ئەوپەڕی کارەسات و نەهامەتییە.

هەروەها (بەختیارعەلی) لە بەشێکی شیعری (هەمو شتێك لە پەنجەرەوە- دوبارە وەك شاعیرانی کۆن، لەوەسفی جەنگدا) دا دەڵێت:

کە لەپەنجەرەوە دەڕوانم دەزانم جەنگ هەرگیز تەواو نابێت و تەواو نەبووە
لەپەنجەرەوە دەڕوانم و سەیری گوللەی ئەبەدی جەنگەکان دەکەم بە ئاسمانەوە
سەیری بریندارەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێدەکەم،
بەخوێن و بەزام و بەهەتوانەوە..
شەڕ لەدوای شەڕ هەڵدەگیرسێت و دەبینم
مرۆڤ مرۆڤ دەکوژێت، گوڵ گوڵ دەسوتێنێت.. (عەلی، ٢٠١٥: ٢٣-٢٦)

شاعیر لەم چەند ڕستە شیعرییەدا چەشنی گرتەیەکی سینەمایی لە مێژوی مرۆڤ بەگشتی و کورد بەتایبەتی دەڕوانێت، بەمەش گرتەکە پیشاندانێکی نەرێنیانەی ئایدیای شاعیرە، وەك شاعیر بە قەهرەوە بەرانبەر بە ڕابردو وەستاوە، مات مەلول سەیری ئەمڕۆ دەکات و ڕەشبینانە لە سبەی و داهاتو دەڕوانێت، ئاخر شاعیر هەرچوار دەوری گیراوە و دەرگای شادیی و بەختەوەرییەکانی داخراوە و کلیلکەی کەوتۆتە دەست سیاسەتمەدارە چاوچنۆکەکان، بۆیە لە گۆشەیەکی تاریکی دەرونییەوە لە پەنجەرەی خەونەکانی دەڕوانێت، خەون! چ خەون؟ خەونێك کە نە بەدیهاتووە و نە بەدیدێت، ئاخر شەڕەکان، ناهێڵن لەم وڵاتە توزێك بە ئاسودەیی دابنیشیت، ڕابردو هەر جەنگ و ئێستا هەر جەنگ و داهاتوش هەر جەنگە، هەر مرۆڤە قوربانی ئەم جەنگانە بۆیە وەك وێنەیەك ئەوەمان پیشاندەدات: (سەیری بریندارەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێدەکەم، بەخوێن و بەزام و بەهەتوانەوە...هتد)، ئیتر جەنگ وێرانییە و تەواو نابێت..

(فەرهاد پیرباڵ)یش لە بەشێکی شیعری (جەنگ)دا، دەڵێت:

جەنگ ئێمەی لێرە کۆکردۆتەوە
ئێمە کوڕی جەنگین..
جەنگی بێژەنگی شیعرەکانی ئەم سەردەمەیە.
جەنگ باوکی هەموو ئەم جیلەیە.
جەنگ دایکی هەموومانی گا. (پیرباڵ، ٢٠١٣: ١٩٤)

شاعیر بەهۆی ئەو هەمو جەنگە لەدوای یەکانەی بەرۆکی کورد و کوردستانی گرتووە، جۆرێك لە بێزاری وەڕسیدایە، چونکە لەم وڵاتە جەنگ هەمو شتێکی هاڕیووە و تەریووە، تەنانەت شیعریش بۆتە بەشێك لە پێکهاتەی شەڕ، ئایدۆلۆژیا شەڕ بەسەر لایەنی ئیستاتیکای شیعر زاڵبووە و کاری کردۆتە سەر شیعرییەتی شیعر، بۆیە شاعیر لە دەروونێکی هەڵچو و بە زمانی توڕە دێتەگۆ و دژی جەنگ و ئەوانەی تامەزۆی جەنگن.

هەروەها (جەلال بەرزنجی)یش هەر بەهۆی ئەم بێزارییە لە جەنگ و دەرهاوێشتەکانی (لە بەشێکی شیعری (شەڕ)دا، دەڵێت:

شەڕ بوو یەکەم بەیانی تاڵ کردم
شەڕ بوو کتێبەکەی خستمە دەریا و
کۆمەڵێك مەنفای بۆ بەجێ هێشتم،
شەڕ بوو مێژوو و یاریی ئێوارانی تێکدام،
شەڕ بوو خەیاڵمی هەڵوەراند
شەڕ بوو ناخمی گران کرد
شەڕ بوو بێهودەی کردم و
گەیاندمیە دووریان.
..................
ماندووم،
ماندووی شەڕەکانم،
ئێوارەیەك،
شەڕ تەواو نەبوو،
چەك فرێدەم،
............
لەوەتەی هەم،
لە شەڕێکەوە دەگەڕێمەوە شەڕێکی تر. (بەرزنجی، ٢٠٠٩: ٢٨٢- ٢٨٣)

شەڕی براکان لە پاڵ بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان، بووە یەك لە هۆکارە سەرەکییەکان کەوای لە شاعیران و تەنانەت گەنجی کورد کرد زیاتر لە نیشتمان و حەز و ئاوات و خۆزگەکانی زویر بێت و ڕێی کۆچ و نادیاری بگرێت؛ وەك زۆرینەی خەڵکی ئەو کاتە ڕو لە غەریبی و تاراوگە بنێت، تاوەکو لەوێ بتوانێت هەناسەی ئەو ژیانە هەڵمژێت، ئاخر شاعیر بەهۆی ئەو شەڕ و نەهامەتییانەی بەسەر گەلی کورد هاتون، بێزارە، ماندوبووە، چونکە لەوتەی هەستدەکات شەڕ بە شەڕ دەسپێردرێت، ئەوەتا لە عێراق و ئێران بۆ شەڕی ڕزگاری لە ڕژێمی بەعس، کەچی توشی شەڕی براکوژی بوین، لەوێش ڕزگاربوین، دوچاری شەڕی نەگریسی داعش بوینەوە، بەمەش شەڕ و ئاوارەیی بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژوی کورد و کوردستان، بۆیە شاعیرانمان بە هەستکردن بەو دەرهاوێشتە خراپانەی شەڕ و کارەساتە پڕمەرگەساتانەی شەڕ هەمویان بە یەك دەنگ دژی بەرپابونی شەڕ و بەردەوامی شەڕ دەوەستنەوە و بە وشە شیعرییەکان پەیام و مەبەستی خۆیان دەگەیەنن.

### ٢- ٢ ئاراستەی دووەم: ئەو شیعرانەی بۆ پاراستنی نیشتمان و بەرەنگاریی لە وڵات بۆ بەردەوامیدان بە شەڕ نوسراون:

ئەم ئاراستەیە بە پێچەوانەی ئاراستەی یەکەمە، ئەگەرچی دەزانن شەڕ مایەی ماڵوێرانی و نەهامەتییە، بەڵام بەهۆی ئەو هەمو شەڕە نەگریسانەی، کە یەخەی کوردیان گرتووە، بەرگریکردن لە وڵات و خاك و نەتەوە نەك هەر بۆتە پێویستی، بەڵکو بۆتە ئەرکێکی ئەخلاقی و ئایینیش، چونکە کاتێك تۆ لەسەر زێد و نیشتمانی خۆتی و داگیرکەران دێن و بە هەڕەشەی چەك و تۆپ و فڕۆکە دەیانەوێت خاکت داگیربکەن و خەڵکت بکەنە کۆیلە و کچانت بە کەنیزە بکەن، ئیتر ژیانی شکۆمەندیی و سەربەرزی هیچ مانا و بەهایەکی نامێنێت، بۆیە بەرخودان و بەرگرییکردن و قوربانییدان دەبێتە پێویستییەکی هەنوکەیی و هەمیشەیی، شاعیرانیش وەك تاکێکی کۆمەڵگە، ئەگەر بە چەکیش بەرگرییان نەکردبێت، ئەوە بەهێزی وشە و دەربڕینە پڕ جۆش و خرۆشەکانییان بونەتە پەنا و پشتیوان بۆ هاوسەنگەرانیان بەرزکردنەوەی ورەی (پێشمەرگە) و خەباتکار و پارێزەرانی وڵات، بەمەش شیعر لێرە دەبێتە قەڵغانی بەرگریی و فیشەکی هێرش بردن، وەکو (عەبدوڵلا پەشێو) لە شیعری (بۆ شاعیران)دا، دەڵێت:

هەر وشەیێ،
وەك گوللەیێ،
بۆ تفەنگی ئازدیخواز بەکار نەیێ،
هەر وشەیێ،
وەك دێمکەیەك ئاوی باڵدار،
وەك نووردییە نانی باڵدار،
نەفڕێ لە بنکەیەکەوە بۆ بنکەیێ
چاکتر وایە،
ئەو وشەیە
چەکەی دوژمن بسڕێتەوە، وەك فلچەیێ (پەشێو، ٢٠١٤: ٣٠٦- ٣٠٧)

لێرەدا شاعیر هەستی بە کاریگەریی پەیامی شیعر کردووە، بۆیە وشە لای ئەو دەبێت ڕۆڵی (گوللە و نان و ئاو..) بگێرێت بۆ پشتیوانی لە پێشمەرگە لە شۆڕشەکانی کوردیی. لەم دیدگەوە چەند شیعرێکی شاعیران دەخەینەڕو، کە لەو ماوەیە (١٩٩١- ٢٠١٧)دا بۆ پێشمەرگە و بەرزکردنەوەی ورەی شەڕڤانانمان نوسراون، لەوانە: (شوان شەفیق) لە بەشێکی شیعری (پێشمەرگە)دا، دەڵێت:

پێشمەرگە ئومێدی گەل
پێشمەرگە سەروەری گەل
وەردەرکەوتن هێزی کوردان
بۆ داکۆکی لە کوردستان
دەست لەناو دەست دەجەنگین
دژی دوژمن گیان دەبەخشین
ئامانجانە سەرکەوتنە
خستنەسەر چۆکی دوژمنە (شەفیق: ٢٧/ ١/ ٢٠١٥)

شاعیر لەم چەند ڕستە شیعرییەدا وەسفی پێشمەرگە دەکات، کە گەل هیوای لەسەر دەست و مەچەکی هەڵچنییووە و هەر ئەویشە مایەی سەروەرییە بۆ گەل و نیشتمان، پێشمەرگە ئەو ڕۆڵەیەیە، کە بۆ مانەوەی گەلەکەی بەسەربەرزیی و شکۆمەندیی، گیانی

خۆی فیدا دەکات و ژیانی دەخاتە مەترسی، ئامانجی سەرکەوتنە، دەرکردن و شکستپێهێنانی دوژمنە.

(حەمە سەعید ئیبراهیم)یش لە بەشێکی شیعری (پێشمەرگە)دا، وەسفی ئازایی و نەبەردی پێشمەرگە دەکات و بە گوێی کاس و ورِی دوژمناندا هاوار دەکات و پێیان دەڵێت:

چۆن تووشبووی لەگەڵمان نەتزانی؟
باوەڕت نەدەکرد دەتوانین
پێشمەرگە هێندە ئاسان نییە
شەڕمەکە لەگەڵ ناتوانی
مەدفەع گرمەی بێ لێدە....
بی. کەی. سی. هەلهەلە لێدە....
هەڵە بوون چاك بزانن
کورد هەموو پێشمەرگەیە
ژن و پیاو و گەنج و پیر
چەك لە دەست ئامادەیە. (ئیبراهیم: ٢/ ٢/ ٢٠١٥)

شاعیر ئەم وشانە لە وەسفی پێشمەرگەدا دەڵێت و باس لە ئازایی و گیانفیدایی دەکات بۆ خاك و نیشتمانەکەی، چونکە دوژمنانی مرۆڤایەتی و کورد (داعش)، کاتێك هێرشیان کردە سەر کوردستان، وایاندەزانی دەستبەسەرداگرتنی کوردستان هێندە ئاسانە و پێشمەرگەش چەشنی سوپا دۆڕاوەکانی تر بێ ورەیە و ترسنۆك و بەزیووە، بۆیە شاعیر ئەوە بەگوێی ئەوان و نمونەی ئەوەشدا دادەدات، کە پێشمەرگە ورەی پۆڵاینە، لە پێناوی ئەم زەمینە، بۆ ئەو مردن وەکو ژینە، کورد هەموی بەیەك دەنگ و بەیەك ڕەنگ، گەورە و بچوك، ژن و پیاو و پیر و لاو، هەموی پشتیوانی پێشمەرگەن و بۆ ئازادیی چەك بەدەستن، گیان لەسەر دەستن.

هەڵبەتە ئەم ڕستە شیعرییانە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دڵ و دەرونی پێشمەرگە دروستدەکەن و هانییدەدەن زیاتر وریا و یەکگرتو و دامەزراوبێت، دواجار هەر ئەم هۆکارانەش دەبنە هۆی سەرکەوتن.

هەروەها (ساڵح بێچار)یش بۆ ئازایی گیانفیدایی پێشمەرگە لە شیعری (بەرەو ژیان)دا، دەڵێت:

بەرەو ژیان هەنگاو دەنێم وەك ئاوی سیروان بەرێوەم
بە کارەسات چۆك دانادەم وەك قەڵای هەولێر بەپێوەم
من پێشمەرگەم، ژیان دۆستم، ئاشتیم بۆ گشت گەلان دەوێ
چەند ڕقم لە مردنە؛ سەد هێندە ژینم خۆشدەوێ
زۆرن ئەوانەی دەیانویست ڕەگ و ڕیشەم ببڕنەوە
نەخشە و ناو و زمانەکەم، بە یەکجاری بسڕنەوە
کوردستانم خۆری گەشە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بەری بە بێژنگ ناگیرێت، وەك دوژمنانم دەیانخواست
تۆڵەم بەسەبر و بە زەبرە هەرگیز تیرۆر نامترسێنێ
شەڕم لەپێناو ئاشتییە، هەتا تیرۆرست بمێنێ! (بێچار، ٢٠١٩: ٨٢)

شاعیر چەندین وێنەی هونەریی بۆ وەسفی گەورەیی و لەخۆبوردەیی و خۆڕاگریی و پۆڵاینی پێشمەرگە کردووە، وەك لە پاکی و خاوێنی و ڕاماڵینی پیسییەکانی ژیاندا بە (ئاوی سیروان)ی چواندووە، لە خۆڕاگریی و پۆڵاییین بە (قەڵا دێرینەکەی هەولێر)ی چواندووە، دژی زوڵم و چەوسانەوە جەنگاوە و دۆستی هەموو گەلان بووە، لەم پێناوەش سەری هەزاران لاوی نەبەردی داناوە، وەك (لەتیف هەڵمەت) لە بەشێکی شیعری (ناتوانم)دا، ئاماژە بە زۆری ژمارەی شەهیدەکان دەکات و دەڵێت:

دەتوانم بە پەنجەکانم
بژمێرم!
درەختی هەموو دارستانەکان...
بەڵام وا ئاسان نییە
ژماردنی ناوی شەهیدەکان.. (هەڵمەت، ٢٠١٤: ٥٦٨)

کورد لەوەتەی هەبووە، لاوەکانی شورەی پۆڵاین و بۆ بەرگریی لە سەروەریی خاك و نیشتمان قوربانین، بۆیە زۆری ژمارەی شەهیدەکانمان گەواهیدەری ئەو ڕاستییە تاڵەن. بەم بۆنەوە لە شیعرێکی دیکەدا (ساڵح بێچار)بە ناونیشانی (من هوجامم) دەڵێت:

دەمسوتێنی! سەدجار سەرت لە بەرد دەدەی
خۆم ئاگرم، چۆن گڕ لە ئاگر بەردەدەی
من کە ڕۆڵەی نەورۆز و بابەگوڕگوڕم
دەبێ وابێ بەشکۆوە ڕوو لە گڕم
سەرم دەبڕی! سەری دیلێتیم بۆ چییە؟
خاکت بەسەر ئەو سەرە سەری خۆت نییە!
پێشمەرگەی گەلم، شەڕڤانی کوردستانیم
وەك ئیسماعیل، (هوجام)ی نەزری قوربانیم
وەك بۆرکان و بوومەلەرزەم لە هەناوتا
گڕی سوور و وردە شووشەم لەنێو چاوتا
من لە سووتان و سەربڕین ئازاترم
کوردم، قاڵبووی زەبری ئاسن و ئاگرم. (بێچار، ٢٠١٩: ٤٦٤)

ئەم شیعرە لە وەسفی فەرماندەی شەهید (هوجام سورچی)ی نوسراوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) لە شەڕێکدا بەدیلگیرا و دواتر بە بەرچاوی هەمو جیهان وەحشیانە سەرییان لە لاشە جیاکردەوە، بەڵام (شەهید) خۆڕاگربو، تا دوا هەناسەش هەر بە مەردی ژیا، بۆیە شاعیر لە وەسفیدا دەڵێت: (سەرم دەبڕی! سەری دیلێتیم بۆ چییە؟)، ئیتر دیلبون هەر مردنە، مردنێکی ئاوا هەزار ژیانی نامەردی دێنێت، بۆیە ئەم کارە قێزەونەی (داعش) نەك هەر ورەی بە پێشمەرگە بەرنەدا، بەڵکو پێشمەرگە زیاتر لە دوژمن ڕق ئەستور بو، تا دواجار لە نیشتمان وەدەرینا.

هەروەها (ئیسماعیل ئاکۆیی)ش لە بەشێکی شیعری (شەهیدبون)دا، دەڵێت:

شەهیدبوونم شانازییە
بۆمن مەگری دایە گیان..
ئەرکە بیپارێزم
خاکی باوك و باپیران...
بەهەشتی رووی زەمینە
ولاتی لاوك و حەیران...
پێشمەرگەی کوردستانم
بۆ گەل و نیشتیمانم
مایەی شانازی کوردم
رۆڵەی کاوەی نەبەردم (ئاکۆیی: ٢٨/ ٣/ ٢٠١٥)

شاعیر کاتێك دەبێتە پێشمەرگە، دروشمی (یان کوردستان یان نەمان)ی لە مێشکدا چەسپاوە، بۆیە ڕوی دەمی دەکاتە دایکی و داوای لێدەکات؛ کە دوای شەهیدبونی

شین و ڕۆڕۆی بۆ نەکات، چونکە ئەو، کە بۆتە پێشمەرگە (شەهیدبون)ی بەرلەوە بۆ خۆی داناوە، شەهیدبونیش شانازییەکی نەبڕاوەیە و لە هەردو دونیادا مایەی سەربەرزییە بۆ خۆیی و خانەوادە و خاکەکەی...هتد.

هەروەها (عارف عەزیزی) لە بەشێکی شیعری (ئەمن کوردم) دا، دەڵێت:

ئەمن کوردم، هەتا مردن پەیمان دەدەم
هەتا مردن ڕێگای پێشەوا بەرنەدەم
لە غوربەت بم یا لە بەندینخانەی ستەم
بڕیاردەدەم، بڕیاردەدەم، بڕیاردەدەم
وتەکانی خوای ئاشتی لەسەر سەر نێم
نەیارانی خاك و گەلم گشت وەدەرنێم
مێژووی ونم بە هەموو کەس بناسێنم
کۆشك و تەختی داگیرکەران بڕوخێنم (عەزیزی: ٦/١٠/ ٢٠١٦)

شاعیر پەیمان دەدات؛ تاکو مردن دەست لە خەبات هەڵنەگرێت و لەسەر خەباتی (پێشەوا قازی محەمەد) بەردەوامبێت و یان ژیانی شکۆمەندی، یان مەرگ و مردنی سەربەرزی، بۆیە بڕیاردەدات و دوژمنی گەل وەدەرنێت و کۆشکی داگیرکەر بڕوخێنێت، دواتر دەڵێت:

لە گوند و شار لەسەر بانی هەموو ماڵێ
لە دەشت و شاخ ...
لە دامێنی هەموو یاڵێ
ئاڵای چوار ڕەنگم هەڵدەدەم
لە لووتکە وباخ....
با شەکاوەتربێت بۆ کورد و کوردستانم
وەك ئاڵاکەم هەرچوار پارچەی کوردستانم
بەبێ سنوور دەکەمەوە نیشتمانم.. (عەزیزی: ٦/١٠/ ٢٠١٦)

شاعیر لەمەش زیاتر دەڵێت، موژدەی ئازادی و یەکبون و یەکگرتنی هەر چوار پارچەی کوردستان دەدات، کە ئەمەش ئاواتێکی لەمێژینەی گەلی کوردە و لەم پێناوەدا چەندین شۆڕش و بەرخودان کراون و چەندەها سەرکردەی نەبەرد و هەزارەها پێشمەرگە گیانییان بەخشیووە و شەهیدبون.

وەك (ئاکۆ شارۆشی)یش لە بەشێکی شیعری (شەهیدان)دا، وەسفی شەهیدانی پاراستنی گەل و خاك دەکات و دەڵێت:

شکۆی میللەت شەهیدانە
شەهید پێناسەی کوردانە
شەهید نەمامی سەربەستی، بەخوێنی خۆی ئاوداوە
وەك مەرد بەسەربەرزی، چەکی شکۆمەندی تاوداوە
لە مەیدان و ڕووبەڕوو دوژمنانی قاوداوە
داگیرکەرانی وڵاتی تا سەر سنوور ڕاوناوە
لە پێناوی نیشتیماندا، ژیانی خۆی بەخاکداوە. (شارۆشی: ٢٠١٧/٤/٢٢)

هەروەها (هاشم خۆرانی)یش لە بەشێکی شیعری (ئەو تفەنگەمان خۆش ئەوێ) دەڵێت:

ئەو تفەنگەمان خۆش ئەوێ
لەشان نایبێنینە خوارێ
تا ئەم گەل و نیشتمانە
سەرنەکەوێ
...................
ئێمە بەزۆر
بە لوولەی تفەنگی بڕنەو
قژی هەتاو، شانە دەکەین
لەناو جەرگەی تاریکی شەو. (خۆرانی، ٢٠٢٠: ٢٥١)

شاعیر لەسەر زاری (پێشمەرگە) دێتەگۆ و ورە و نەبەردیی خۆیان پیشاندەدات، کە چەك لەشانە بۆ ئەو ڕۆژ و شەو جیاوازیی نییە، هەمیشە ئێشکگر و پاسەوانە، سڵ ناکاتەوە لە مردن، تاکو ئەو ڕۆژەی مژدەی ئازادی بۆ گەل و نیشتمانەکەی دێنێت، هەروەها لە شیعری (گوتیان)دا، کە بنیاتە هونەرییەکەی لەسەر گفتوگۆ/دایەلۆگ بنیاتنراوە، دەڵێت:

گوتیان کوڕی لاو، ئەم ڕێگە مەگرە
تۆ هێشتا ماوتە، هیچت نەدیووە
بۆ لەڕێی عیشقی نیشتیمانەکەت
شێت و شەیدا بوویت، گیانت فڕیووە
منیش پێم گوتن:
نیشتمانمان لە دەست دوژمنە
ئەم خاك و خۆڵە بەرە و ڕزگاری
چاوی لەتۆیە، چاوی لەمنە
گوتم: پێویستە، ئێمە پێکەوە
بە دەستی تفەنگ لەنێو سەنگەرێین
بۆ پارێزگاری ئەم نیشتمانە
ڕووبەڕووی دوژمن، هەموو یەك بگرین. (خۆرانی، ٢٠٢٠: ٢٣١)

شاعیر دەیەوێت بڵێت: بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان جیاوازی لە نێوان گەنج و پیردا نییە، ئەوەی هەیە پەروەردەی پاك و ڕەسەن و بەرخودانە بۆ پاراستنی شکۆی نەتەوە و سەروەری خاك و نیشتمان، یەکگرتنە، بەرخودانە، یان ژینی ئازادیی شکۆمەندیی، یان مردن سەربەرزیترە لەم ژیانە...

لەم دیدگەوە تەواوی ئەو دەقە شیعرانەی خرانەڕو، مشتێکن لە پەیامداریی شیعری کوردیی و شاعیرانمان، کە بۆ مەبەستی بەرخودان و نەسرەوتن تا سەرکەوتن و یان کوردستان یان نەمان، کە دواجار هەموویان کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر سایکۆلۆژیا و ویژدان و هەست و نەستی بەرگریکاراندا هەیە، ئەمجۆرە دەقانە هێز و ورە و وزەبەخشن، چەشنی چەك و فیشەکن لە سەنگەری پێشەوە لە دەم و سەر زوبانی پێشمەرگەدان، هاندەرن بۆ خۆڕاگریی و دامەزراوەییان، لەلایەکی دی ئەم دەقانە وەك شوراێکی پۆڵاین و قەڵغانێکی دژە ترس و شانازییەکی نەبڕاوە و گەردانەیەکی ئازایی و مەدالیایەکی سەرکەوتنن بە مل و گەردەن و سینگی پێشمەرگە و شەڕڤانانەوەن.

### ٣. ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجانەی خوارەوە:

١. شیعری شەڕ، توانیویەتی دەقێکی مێژوویی و دیدێکی ئایدۆلۆژی بۆ ئەزمونی مرۆڤ لە کاتی ململانێدا پێشکەش بکات، و یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی لەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسییەکان تێبگەین.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp221-234

٢. ئەدەبی شەڕ: تێگەیشتنی سۆزداریی و دەرونی لەسەر تاك و كۆمەڵگا دروستدەكات و دیدگای كەلتوری هەمەچەشن سەبارەت بە شەڕ پێشكەش دەكات، ڕۆشنایی دەخاتەسەر ئەو شێوازە ناوازانەی، كە كۆمەڵگا جۆراوجۆرەكان ڕوبەڕوی دەرئەنجامەكانی شەڕ بونەتەوە و وەڵامیان داوەتەوە، ڕێگە بە خوێنەران دەدات هاوسۆزی ئەو كەسانە بن، كە بەهۆی شەڕەوە كاریگەرییان لەسەربووە.

٣. ئەدەب/شیعر دەتوانێت كاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتی هەبێت و بەشداری لە گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتی و سیاسی بكات، تەنانەت زۆرجار كەم تا زۆر ئەدەب بەشێكە لە سیاسەت و زەرورەتێكی گۆڕانكاریشە، بەمەش ئەدەب ئەو توانایەی هەیە، كە كۆمەڵگاكان ئاراستە بكات.

٤. ئەدەبی بەرگری، بەشێكە لە ئەدەبیی شەڕ، واتە ئەدەبی شەڕ بەشێكە لە گشت، بەڵام دواجار هەردوكیان وەك دو ڕوی دراوێكن، پەیوەستن بە ئایدۆلۆژیا و هزری نیشتیمانی و نەتەوەیی.

٥. ئەدەبی بەرگری و شیعری شەڕ بە تایبەتی بەشێكی دانەبڕاوە لە دیرۆكی كوردی، ئەویش بەهۆی ئەو شەڕە لەدوای یەكانەی، لە خاكی كوردستان و بەسەر گەلی كوددا هاتون.

٦. لە مێژودا كورد هەر لە زووەوە بۆ بەرگری لە نیشتمان و نەتەوەكەی لە بەرەی شەڕ دابووە، جا چ شەڕی بەرەنگاربونەوەی داگیركەران بێت، یان شەڕی بەوەكالەت بەرانبەر لایەنێكی تر، لەلایەكی دی هونەر و شۆڕشی كوردی بەردەوام لە پەیوەندیدا بوینە، ئەمەش ڕاستەوخۆ وایكردووە، كە (شیعر و ئەدەبی كوردی زیاتر خۆی لە ئەدەبی بەرگری) شەڕدا ببینێتەوە.

## سەرچاوەكان:


بایز، ئەرسەلان (٢٠١٣)، ئەدەب و ئایدۆلۆژیا، چ. ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

بێچار، سالح (٢٠١٩)، دیوانی سالح بێچار، چ. ١، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی.

بەرزنجی، جەلال (٢٠٠٩)، هەوڵدانێكی تر بۆ گرتنی مەوداكان وسەرجەم شیعرەكانی تر، چ. ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

پیربال، فەرهاد (٢٠١٣)، پەناهەندەی ژمارە ٣٣٣-٣٣ سەرجەم بەرهەمە شیعرییەكان، چ. ٤، چاپ و بلاوكراوەی غەزەلنووس، سلێمانی.

پەشێو، عەبدوڵلا (٢٠١٤)، هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، چ. ٤، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

حەویز، سروشت جەوهەر (2015)، پاپەندبوون لە شیعری كوردیدا- كرمانجی خواروو (١٩٥٠ - ١٩٧٥)، تێزی دكتۆا، سكوڵی زمان، زانكۆی سلێمانی.

خاڵ، شێخ محەممەدی (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چ. 2، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

خۆرانی، هاشم (٢٠٢٠)، جۆگەڵەی خوێن و فرمێسك، چ. 1، چاپخانەی نیبە، هەولێر.

خۆشناو، ئەبوبەكر (٢٠٠٣)، شیعری بەرەنگاریی كوردی (١٩٧٥- ١٩٩١)، چ. ١، چ. ١، بێ ناوی چاپخانە، سلێمانی.

دەشتی، عوسمان (٢٠٠٩)، دەربارەی ناوەڕۆكی سیاسیی و كۆمەڵایەتی شیعرەكانی (هێمن)، چ. ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

دەشتی، كەریم (٢٠١٢)، دیوانی كەریم دەشتی-كۆ شیعر، ب. ٢، چ. ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سەرتاش، زرار (٢٠١٨)، هەڵچوونێك لە كۆچی باران، چ. ١، چاپخانە (دار الشوؤن والپقافە العامە)، بەغدا.

عەبدوڵلا، ئەحمەد محموود (٢٠١٣) سوریالیزم لە شیعری كوردیدا (دوای ڕاپەڕین- ١٩٩١) چ. ١، چاپخانەی بینای، سلێمانی.

عەلی، بەختیار (٢٠١٥)، ئەی بەندەری دۆست، ئەی كەشتی دوژمن، چ. ٣، چاپخانەی تاران، تاران.

غەمبار، جەمال (٢٠١٠)، دیوانی جەمال غەمبار، چ. ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی،

قەرەداغی، دلاوەر (٢٠١٣)، جادەی مێخەك، ب. ١، چ. ١، چاپخانەی ڕجایی، تاران.

كەریم، ئازاد عەبدولواحید (٢٠١٣)، سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، چ. ١، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی.

گەرمیانی، عادل (٢٠١٩)، ڕیالیزم لە ڕۆمانی كوردی هاوچەرخدا، چ. ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

لازاریف، م. س. (٢٠٠٨)، مێژووی كوردستان، و. هۆشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، چ. 1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

لەتیف، حسێن (٢٠٢١)، عەقڵی شیعریی، چ. ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

ماضی، شكر عزیز (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، و. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

محەمەد، زانەر (٢٠١٢)، فەرهەنگی گیرفانی ئۆكسفۆرد چ. ١، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

موكریانی، هەژار (١٣٨٥)، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، چ. ١، چاپخانەی سروش، تهران.

میرە، ئەحمەد (٢٠٢٠)، یاخیبوون لە نیشتیمان و سیاسەت و ئایین لە جیهانبینی (شێركۆ بێكەس و ماغوت)دا، چ. ١، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (٢٠٢٠)، تیۆری ئەدەبی- دەقی شیعری كوردی لە تیۆری ئەدەبییدا، چ.١، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

هەڵمەت، لەتیف (٢٠١٤)، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چ. ١، چاپخانەی تاران، تاران.

ئامێدی، عەبدوڵلا یاسین (٢٠٠٥)، هۆنراوەی بەرگریی لە بەرهەمی چەند شاعیرێكی كرمانجی سەروودا، چ. 1، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

یوسف، ڕێزان شڤان (٢٠١٢)، هیومانیزم د هۆزانا نوییا كوردیدا، چ. ١، چاپخانا هەوار، دهۆك.

ئیسكارپیت، ڕۆبێر (٢٠١٨)، كۆمەڵناسی ئەدەب، و. هێمداد حسێن و سەنگەر نازم، چ. ١، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

الكوردي، محمد علي (١٩٨١)، ادب المقاومة الفرنسية في الحرب العالمية الثانية، مجلة الثقافة الاجنبية فصلية، العدد: 4، تصدرها دار الجاحظ، بغداد.

الحافظ، ياسين طه (١٩٨١)، ادب الحرب والمقاومة.. لماذا؟ مجلة الثقافة الاجنبية فصلية، العدد: 4، تصدرها دار الجاحظ، بغداد.

Gartzke, Erik (1999), War Is in the Error Term, International Organization, Volume 53, Issue 3, Summer.

Mozley, J. B. (1876), University Sermons v. 101Citation details for J. B. Mozley ،University Sermon.

Traduit, de v. jdanov (1956), some recent soviet studes in literature soviet literature, n. 8, Moscow.

Haward, Lawrence, (February 28, 1916), The Effect of War upon Art and Literature Delivered at the University of Manchester .

**سایت و پێگە ئەلیكترۆنییەكان:**


ئاكۆیی، ئیسماعیل (28/3/ 2015)، لە لایەن (ئیسماعیل ئاكۆیی) گوتراوە. لە ڕێككەوتی (11/2/ 2023) وەرگیراوە.https://images.app.goo.gl/cKc97sWMbA7eNWJp9

ئیبراهیم، حەمە سەعید (2/ 2/ 2015)، لە لایەن (سەباح جەوهەر) گوتراوە، لە ڕێككەوتی (3/2/ 2023) وەرگیراوە. https://youtu.be/T-7fFAS9H5edVnPx6uc?si=3N7mtyF3

شارۆشی، ئاكۆ (22/4/2017)، لە لایەن (ئاكۆ شارۆشی) خوێندراوەتەوە، لە ڕێككەوتی (9/2/ 2023) وەرگیراوە.
https://www.facebook.com/share/v/icbUxmPrMh/?mibextid=j7oXcRHSFxm2

شەفیق، شوان (27/ 1/ 2015)، لە لایەن (سەنگەر محەمەد) گوتراوە، لە ڕێككەوتی (2/2/ 2023) وەرگیراوە. https://youtu.be/tMw_7A0NlpsNcc?si=SjqbcSbDJrSW8

عەزیزی، عارف (6/10/ 2016)، لە لایەن (ئازاد مام ئالی) خوێندراوەتەوە، لە ڕێككەوتی (7/2/ 2023) وەرگیراوە. https://youtu.be/BNowlvwNOpj45vfaZOEYI?si=GfSWy0

https://www.cambridge.org/core/journals/international-organization/article/abs/war-is-in-the-error-term/45964C242DA8AFD93AFD2B1750FAF4D0

https://www.google.iq/books/edition/The_Effect_of_War_Upon_Art_and_Literatur/ClM1AAAAMAAJ?hl=ar&gbpv=1&dq=inauthor:"Lawrence+Haward"&printsec=frontcover

https://en.wikipedia.org/wiki/Old_High_German


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp221-234